# کۆماری ئیسلامی؛

## ڕژێمێکی قەیرانزا، قەیرانساز و قەیراناوی



**عەلیرەزا مەنافزادە**

وەرگێڕانی: وریا ئەحمەد

**''ئەم نوسینە بژاردەیەک لەو قەیرانانە دەژمێرێت، وا کۆماری ئیسلامی لە ٤٣ساڵی ڕابردوودا، خۆی و کۆمەڵگەی ئێرانی پێ گیرۆدە کردووە. ڕێبەرانی ڕژێم و بەتاییەت عەلیی خامەنەیی، زۆرینەی ئەم قەیرانانە بە ڕاسپاردەی خودایی دەزانن. ڕژێمێک، وا بەسەر ئێرانەوە کردوویانە بە فەرمانڕەوا، لەناو قەیراندا و لەگەڵ قەیراندا نەبێت، ناتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات.''**

ڕژێمە سیاسییەکان لە قۆناغگەلێکی ژیانیاندا دووچاری قەیران دەبن و بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە مانەوەیان بدەن، ناچارن بیر لە چارەیەک بکەنەوە، ئەگینا درەنگ یان زوو ڕووبەڕووی مەترسیی ئاژاوە و تەنانەت داڕووخان دەبنەوە. بەڵام ئەوە بۆچی کۆماری ئیسلامی وێڕای قەیرانەگەلی وێرانکەر کە دەرگیریانە، داناڕووخێت؟ ئەم ڕژێمە لە سەرانسەری بوونی خۆیدا، لەگەڵ کۆمەڵێک قەیراندا ژیاوە، بەبێ ئەوەی دەرقەتی چارەسەری تەنانەت یەکێکیان بێت. بەڕاستی بۆچی کۆماری ئیسلامی هێشتاکانێ لەسەر پێیە؟

لە دیرۆکدا هەبوون ئەو ڕژێمانەی بۆ مانەوەی خۆیان ڕێکجار قەیرانسازییان دەست داوەتێ، بەڵام پاش قەدەرێک گەڕاونەتەوە سەر دۆخی ئاسایی. لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی، هەروەکوو لە چل و سێ ساڵی رابردوودا پیشانی داوە، ڕژێمێکە سەرومڕ و کتومت قەیرانزا، وا دێتە بەر چاو بە قەیرانئافراندن و ژیان لە قەیراندا نەبێت، ناتوانێت بەردەوامی بە ژیانی خۆی بدات. ئەم ڕژێمە لە دەستپێکی ژیانی خۆیەوە تاکوو هەنووکە، زۆرێک لە قەیرانە مومکینەکانی تاقیکردووەتەوە. لە خوارەوە بە کورتی چاو بە ڕێک لەوانەدا دەخشێنینەوە. بەڵام سەرەتا یەکێک لە گرنگترین لێکەوتە هەرێمەیی و جیهانییەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئاماژە پێ دەدەین.

*******

# گەشەی ئیسلامی سیاسی لە وڵاتانی موسوڵمان و فراوانبوونی ئیسلامگەرایی لە وڵاتانی ڕۆژاوا

لێکەوتەکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران وەکوو زۆرینەی شۆڕشەکانی مێژوو، لە چێوەی سنووره نەتەوەییەکان واوەتر ڕۆیشت و بووە هۆی ڕستێک گۆڕانکاری لە ئاستی هەرێمی و تەنانەت جیهانیشدا. بە باوەڕی زۆرێک لە توێژەران، گەشەی ئیسلامی سیاسی لە وڵاتانی موسوڵمان و ڕەواج و برەوی ئەم ڕەوتە لەناو لاوانی بە ڕەگەز موسوڵمانی وڵاتانی ڕۆژاوادا، یەکێک بوو لە دەرئەنجامە جیهانییەکانی ئەو شۆڕشە. کۆمەڵناسانێک لەو باوەڕەدان پاش شۆڕشی ئێران بوو، بڕێک ڕەفتاری گوایە (ئیسلامییانە) لە فەزای گشتیی شارەکانی ئەورووپادا دەرکەوتن و ڕۆژبەڕۆژ تۆختر بوون. پێش ئەمە، موسوڵمانان لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژاوادا ئامادەییان هەبوو، بەڵام بە دوای ئەوەوە نەبوون باوەڕ و سرووت و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیان لەو کۆمەڵگەیانەدا نمایش بکەن. لە کاتێکدا پاش شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، هەندێک لە نەریت و ڕێوڕەسمی گوایە (ئیسلامییانە) ترنجایە ناو سیستەمی ڕەفتاریی دەستەگەلێک لە لاوانی بە ڕەگەز موسوڵمانی ئەم وڵاتانەوە.

بە گوتەی ئۆلیڤەر ڕۆی[1]، ئیسلامناسی فەڕەنسایی، پێش شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، ئەو داپیرە بە ڕەگەز موسوڵمانەی وا بە حیجابە نەریتییەکەیەوە لە فەزای گشتیی فەڕەنسا و لە شوێنگەلێکی دیاریکراودا دەردەکەوت، کێشەیەکی نەدەنایەوە. فەڕەنساییەکان بەرمەبنای پرەنسیپی لائیسیتە[2]، لەگەڵ باوەڕ و سرووت و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی نەوەی یەکەمی کۆچبەرانی موسوڵماندا کێشەکیان نەبوو. حیجابی ئەو ژنە موسوڵمانە، هێمای کولتووریی کۆچبەران بوو، گۆڕانکارییەکی هەستپێکراوی لە فەزای گشتیی شارەکاندا نەدەئافراند. ئەو داپیرەیە نەیدەویست بە حیجابە نەریتییەکەی، باوەڕە ئایینییەکەی لە فەزای گشتیدا نمایش بکات. کێشەکە سەروەختێک دەستی پێ کرد کە لاوانی هەڵقوڵاوی ناو نەوەی دووەمی ئەو کۆچبەرانە لەژێر کاریگەریی شۆڕشی ئیسلامیی ئێراندا، ویستیان باوەڕ و نەریت و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیان لە فەزای گشتیدا بە ناوچاوی ئەوانیتردا بدەن.

بەهەرحاڵ ئەگەر حیجابە نەریتییەکەی داپیرە کێشەی بۆ فەڕەنساییەکان نەدەنایەوە، بەپێچەوانەوە سەرپۆشی کچەلاوی بە ڕەگەز موسوڵمان کە لە قوتابخانە

---

[1] Olivier Roy (1949 - ).
[2] Laicity.

گشتییەکانی فەڕەنسادا پەروەردە و فیرکاریی لائیکییانەی دەبینی و هاوکات مکوڕ بوو پەچەکەی لەناو پۆلدا لانەدات، کێشەساز بوو.

بە باوەڕی ئۆلیڤەر ڕۆی، وەنەبێت لاوانی بە ڕەگەز موسوڵمانی کۆمەڵگەکانی ڕۆژاوا و فەڕەنسا ئاییندارتر بن لە باوانیان. زۆرینەیان سرووت و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان بەجێ ناهێنن. بە دەربڕینێکی شیاوتر، بە مانای ڕاستەقینە، موسوڵمان نین. جیاوازییەک کە ئەم لاوانە لەگەڵ باوانیاندا هەیانە، ئەوەیە دەخوازن لە فەزای گشتیدا لایەنگرییە ئایینییەکەیان بۆ ئەوانی تر بخەنەڕوو. ڕاستییەکەی ئاییندارییی وان وەکوو ئاییندارییی زۆرێک لە بەرگریکارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕووکەشسازییە.

خاڵێکی تر کە ئەم ئیسلامناسە فەڕەنساییە جەختی لێ دەکاتەوە، ئەوەیە لاوان بە نمایشکردنی لایەنگریی ئایینییان لە فەزای گشتیدا، دەخوازن لە ناسنامەی نەتەوەییی باوانیان دوور بکەونەوە و، لە کۆمەڵگەی فەڕەنساییدا وەکوو لاوانی بە ڕەگەز عەرەب نا، بەڵکوو وەکوو موسوڵمان بناسرێن. بە باوەڕی ئۆلیڤەر ڕۆی، هەر ئەم پرسە هۆکارە تاکوو ڕەوتە سەلەفیی و بانگخوازییەکان پێدزە بکەنە ناویانەوە و تێیاندا ئەندامگیری بکەن.

بە گوتەی تۆماس دیلتۆمبە[3] لە پەرتووکی "ئیسلامی خەیاڵی"دا، لە ساڵانی دەیەی ۱۹۷۰دا ئیسلام لە کن فەڕەنساییەکانی کوچە و بازاڕدا دیاردەیەکی نامۆ بوو. بەڵام لە ساڵانی کۆتاییی ئەو دەیەیەدا و لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامیی ئێراندا، ئەم ئایینە هاتە سەر خوان و ژووری نانخواردنی فەڕەنساییەکان. پیرەمێردێکی سەیر بە ڕیشێکی پڕ و عەمامەیەکی ڕەشەوە، چەندان هەفتە مژاری هەواڵی تەلفزیۆنەکان بوو و لە پشتەوەی شاشەوە دەبووە میوانی ئێوارەخوانی فەڕەنساییەکان. یارۆی پیرەمێرد لە عێراقەوە هاتبووە فەڕەنسا و لە یەکێک لە گەڕەکەکانی پاریس نیشتەجێ بووبوو و لەوێوە شۆڕشێکی سەمەرەی ڕێبەرایەتی دەکرد. تۆپەڵەیەک لە ژنان بە عەبای ڕەشەوە لە شەقامەکانی تاراندا هاواریان دەکرد: ''خومەینی! خومەینی!''. ڕۆشنبیران، ڕۆژنامەڤانان و سیاسەتوانانی فەڕەنسایی لە پەیڤین لەمەڕ ئەو پیرەمێردە نەدەسرەوتن. تەلەفزیۆن دەکۆشا هەواڵی ئەو شۆڕشە سەیروسەمەرەیە، سات بە سات بدات بە گوێی ئاگاییی خەڵکی فەڕەنسادا.

---

[3] Thomas Deltombe.

بینەران وێنەگەلی ناوازە و چەمکی تازەیان کەشف دەکرد. زۆرێک لە فەڕەنساییەکان تا ئەو سەروەختە چەمکەیەلی وەکوو "ئایەتووڵا"، "مەلا"، "عەبا"، "شیعە"، "سوونی" و "شەریعەت"یان نەژنەفتبوو. ڕۆژنامەڤانان هەوڵیان دەدا ئەو چەمکانە بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە. ئەو شۆڕشە بێهاوتایە بە ڕێبەرە سەیروسەمەرەکەیەوە، بوو بە یەکێک لە مژارە نیشتیمانییەکانی فەڕەنسا.

وێنە ناوازە و واقوڕمێنەکان، وا تۆماس دیلتۆمبە لەبارەیانەوە دەپەیڤێت، وردەوردە لە زەینی جیهان و فەرەنساییەکاندا ئاسایی بوونەوە. پاش قەدەرێک ڕای گشتیی جیهان خووی بە وێنە و رەفتاری ئاخوند و تەنانەت گریانەکانی ویەوە لە ڕێوڕەسمەکانی تازیەباریی شیعەکاندا، گرت و ئەگەر هەمان ئاخوند لە پێگەی سەرۆککۆماری وڵاتێکی دێرندا بۆ هەموو لا و گۆشە و چەپەکێکی جیهان ڕۆشتبایە و لەگەڵ ڕێبەرانی جیهاندا دیدار و هەڤپەیڤینی سازدایە، چیتر هەستی واقوڕمانی کەسی نەدەبزوواند.

## قەیران لە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ عەرەبستانی سعووودیدا

یەکێکی تر لە لێکەوتەکانی شۆڕشی ئیسلامی، سەرهەڵدانی قەیران بوو لە پەیوەندییەکانی نێوان عەرەبستانی سعوودییە و ئێراندا. ئەم قەیرانە لە بەرەبەیانی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێراندا دەستی پێ کرد و هێشتا بەردەوامیی هەیە. لە کەس شاراوە نییە ئێران و عەرەبستانی سعوودییە لەمەڕ زۆرێک لە دۆزە سەرەکییەکانی پەیوەست بە ناوچەکە و جیهانی ئیسلام بەگشتی، ئەوە هیچ وەک یەک ناهزرن، بەڵکوو پەیڕەوی سیاسەتی هەڤدژیش دەکەن. لە یەمەن و سووریا، دەرگیری جەنگی نوێنەرایەتیین. لە عێراقدا، عەرەبستانی سعوودییە، هەژموونی ئێرانی لەناو دەزگە دەوڵەتییەکانی ئەو وڵاتەدا پی هەزم ناکرێت. هەردوو وڵات دەکۆشن بە سوودبینین لە جیاوازییە ئایینییەکانی ناو وڵاتانی موسوڵمان، هەژموونی خۆیان پتر بکەن.

بەپێچەوانەی ئەوەی گرووپێک لە نەیارانی کۆماری ئیسلامی یان هەندێک لە داکۆکیکارانی ڕژێمی پادشایەتی دەیڵێن، پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عەرەبستانی سعوودییە، پێش شۆڕشیش لە دوژمنایەتی و کێشمەکێش داماڵدراو نەبوو و، بڕێکجار وەکوو ئەمڕۆ دەئاڵۆسکا و تیرەوتار دەبوو، بەڵام کار نەدەگەیشتە مریشکە

ڕەشە و دوژمنایەتیی پایەدار و جەنگ. ئەوە سادەهزری و بیرکلۆڵییە ئەگەر هۆکاری سەرەکیی خراپیی پەیوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە لە سەدەی ئێستادا بدەینە پاڵ ململانێی دیرۆکیی عەرەب و ئێرانی و داڕووخانی ساسانییەکان. بەڵام ناتوانرێت کاریگەریی دوژمنایەتیی نێوان وەهابیگەری و شیعەگەری کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمەوە دەستی پێ کرد، لە پەیوەندییەکانی هەردوو وڵاتدا نکۆڵی بکرێت. سعوودییەکان لەسەر بنەمای بیروباوەڕەکانی وەهابییەت، شیعەکان بە موسوڵمان نازانن و چەندانجار لە عەرەبستان و عێراقدا کۆمەڵکوژیان کردوون. ساڵی ١٨٠٢ی زاینی، زۆرێک لە شیعەکانی کەربەلایان لە کوچە و بازاڕ و تەنانەت ماڵەکانیاندا، کوشت، زێڕ و خشڵەکانی حەرەمی ئیمام حوسێنیان بە تاڵان برد و گومەزەکەیان وێران کرد.

لە شەڕی هەشتساڵەی ئێران و عێراقدا، عەرەبستانی سعوودییە درێغی لە کۆمەکی دارایی و سەربازیی عێراق نەکرد. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، سەرووەختێک بە فیت و ئاماژەی ئینگلیزەکان، بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنە عەرەبییەکان ناوی دیرۆکیی "کەنداوی فارس"یان بۆ "کەنداوی عەرەبی" گۆڕی، عەرەبستانی سعوودییە لە گۆڕێدا نەبوو. لە دەیەی ١٩٧٠دا دیسان ئەم ناوە ساختەیە لە بڵاوکراوە و گوتاری یرێک لە ڕێبەرانی عەرەب دەرکەوتەوە، بەڵام دواتر بە فەرامۆشی سپێدرا. ئەمڕۆکە عەرەبستانی سعوودییە و چەند وڵاتێکی تری عەرەبی هێشتاکانێ ئەم ناوە ساختەیە بەکار دەهێنن.

شیعەکانی بەحرەین کە ٦٥%ی کۆی گشتیی دانیشتوانی ئەو وڵاتەن، یەکێکی ترن لە دۆزە هەستیارەکانی ناو پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عەرەبستانی سعوودی. بەحرەین کە کۆمەڵە دوورگەیەکە لە کەنداوی فارسدا، ساڵی ١٧٨٣ کەوتە بن دەستی "ئال خەلیفە"ی سەر بە عەرەبەکانی دوورگەی عەرەبستان و لە ئێران جیا بووەوە. بەحرەین لە سەدەی نوزدەیەمەوە تاکوو ١٩٧١ لەژێر پاراستنی بەریتانیادا بوو، بەڵام ئێران چ لە سەردەمی قاجارییەکان و چ لە سەردەمی پەهلەوییەکاندا، هەرگیز فەرامۆشیان نەکرد و چاویان لێ نەپۆشی. لە ساڵی ١٩٥٧ بە پەسەندکردنی یاسای نوێی دابەشکردنی کارگێڕیی وڵات، بەحرەین بە چواردەیەمین پارێزگا "استان"ی وڵات دانرا. بەڵام لە ئابی ١٩٧١دا پاش ڕاپرسی و ڕاستاندنی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەحرەین سەربەخۆ بوو و ئێران بە ڕەسمی دانی پێدا نا.

ئێران لەبەرانبەر بەڕەسمیناساندنی دەسەڵاتی وی بەسەر سێ دوورگەی توونبی گەورە، توونبی بچووک و ئەبوو مووسادا، سەربەخۆییی بەحرەینی پەسەند کرد. ئێران ئەم سێ دوورگەیەی لە ٣٠ی نۆڤەمبەری ١٩٧١دا، دوو ڕۆژ بەر لە پێکهاتنی وڵاتی شانشینی یەکگرتووی عەرەبی (ئیمارات)، لە بەریتانیا وەرگرتەوە. وڵاتی تازەپیاکەوتووی ئیمارات کە یەکێتییەکە لە حەوت شێخنشین، ئەو سێ دوورگەیە بە هیی خۆی دەزانێت و عەرەبستانی سعوودی لە ساڵی ١٩٩١ەوە پاڵپشتی لەم پێوابوونە دەکات. دەسەڵاتی ئێران بەسەر ئەم سێ دوورگەیەدا، یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی خراپیی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات.

پاش شۆرشی ١٩٧٩ و گەیشتنە دەسەڵاتی ڕژێمی شیعە لە ئێراندا، عەرەبستانی سعوودی دوژمنایەتیی خۆی لەگەڵ ئێراندا پتر کرد، بەتایبەت لەو سۆنگەوە کە ڕێبەرانی ئێران سەروسەودای هەناردەکردنی شۆڕش بۆ وڵاتانی عەرەبی لە کەلەی دابوون. لە شەڕی ئێران و عێراقدا، سعوودییەکان کۆشان بەرەیەک لە گشت وڵاتانی عەرەبی لە دژی ئێران پێک بهێنن، کە دژایەتیی سووریا وەکوو ڕێبەری وڵاتانی "بەرەی سەقامگیریی عەرەبی" و، لیبیای بەدوادا هات. پێش شەڕ، سعوودییە و هاوئاوازەکانی، ئەو زانیارییانەیان پێشکەش بە سەددام حوسێن کرد وا لەمەڕ ڕەوشی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سەربازیی ئێران لە دەزگە نهێنییەکانی ئەمریکاوە بەدەستیان هێنابوو.

لە پێشهاتی ناسراو بە "چالاکیی تەبس" بۆ ڕزگارکردنی بارمتە ئەمریکاییەکان لە ئێراندا، عەرەبستانی سعوودی یەکێک لەو چەند وڵاتانە بوو کە یارمەتیی ئەمریاکایان دا. زۆرێک لە شرۆڤەکاران، لاوازکردنی هەرچی زیاتری ئێران، بە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی نەوتیی عەرەبستانی سعوودی هەژمار دەکەن. سعوودییەکان بە زیادکردنی بێپیشینەی بەرهەمی نەوت، بەتایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا، چاویان لەسەر دابەزینی نرخی نەوت بووە لە بازاڕەکانی جیهاندا و لەم ڕێگەیەوە ئابووری ئێرانیان لەرزۆکتر کردووە. هەمیشە پاڵپشتییان لە گەمارۆ و ئابڵووقەکانی ڕۆژاوا لە دژی ئێران کردووە.

کوشتنی حاجییانی ئێرانی، یەکێکی ترە لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی قەیران لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا. لە ساڵی ١٩٨٧دا، بەرپرسە تەناهییەکانی سعوودی، چوارسەد حاجیی ئێرانی و نائێرانییان لە ڕێپێوانێکدا کوشت. شۆڕشگێڕانی ئێرانی ئەم جۆرە ڕێپێوانانەیان لەو زەمانەدا ڕێک دەخست. ئەو

کوشتاره وەها تووڕەییی خومەینیی خرۆشاند، گوتی: ئەگەر چاو لە تاوانەکانی سەددام بپۆشین، تاوانی ماڵباتی سعوود نابەخشین. بە دوای ئەم ڕووداوەدا، گرووپێک لە فێرخوازانی زانکۆ هێرشیان کردە سەر کونسوڵخانەی سعوودییە لە تاران. لەمە بەدوا، سعوودییەکان ڕوویان لە ئاست حاجییانی ئێرانیدا ترش کرد و بە ڕاست و چەپدا بیانوویان پێ دەگرتن. ڕووداوی مینا لە ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٥دا، کۆتا ڕووداوی ڕێوڕەسمی حەج بوو کە بەهۆی قەرەباڵغی و تێکچڕژانەوە ڕووی دا و تێیدا نزیکەی ٢٥٠٠ زیارەتکار و ٤٦٤ حاجیی ئێرانی گیانیان لەدەست دا. دوای ئەم ڕووداوە بە فەرمانی خامەنەیی سێ ڕۆژ پرسەی گشتی ڕاگەیەندرا.

زێدەخوازیی ئێران لە بواری (وزەی ناوەکی)دا، یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی مێملێ و کێشمەکێشی نێوان هەردوو وڵات. پێ ناچێت قەیرانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات، بەم زووانە کۆتاییی بێت. ئاخر هۆی سەرەکیی قەیرانەکە تاکوو ئەو دەمەی کۆماری ئیسلامی لەسەر پێیە، لەناو ناچێت.

## لێکەوتە هەڤدژەکانی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، کە خومەینی بۆ ئاوەژووکردنی کۆمەڵگەی ئێران بونیادی نا، لەسەر پێیە، بەڵام نەک بەو چەشنەی وی دەیخواست. بە باوەڕی زۆرێک لە چاودێرانی ناوەوە و دەرەوەی ئێران، کۆمەڵگەی ئێران لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا لە بنەڕەتەوە بە ئاڕاستەی پێچەوانەی خواستەکانی خومەینی گۆڕاوە. لە میراتی فیکری و سیاسیی وی چیی ماوەتەوە؟ پەیڕەوانی بەئەمەکی خومەینی دەکۆشن بیرۆکەکان، هزرەکان و خواستەکانی پیادە بکەن. بەڵام وا دێتە بەرچاو چەندێک لەم پێناوەدا بکۆشن پتر بێهیوا دەبن.

یەکێک لە بیرۆکە سەرەکییەکانی خومەینی لە بونیادنانی کۆماری ئیسلامیدا، دژایەتیکردنی نەتەوەگەرایی بوو کە بنکی گشت وڵاتان و دەوڵەتانی مۆدێرنە لە جیهانی هەنووکەییدا. هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ هەموو ئەوەی ڕەنگ و بۆنی نەتەوەی پێوە بوو، مێملێی نواند و بە پێداگرییەوە گوتی کە "ئیسلام نەتەوەیی نییە". بەڵام هەستی نەتەوەیی لەژێرەوەی فەرمانڕەواییی کۆماری ئیسلامیدا، نەک هەر لەناو خەڵکیدا بەڵکوو تەنانەت لەناو بەشێک لە دەوڵەتخوازانیشدا لە هەرچ ئان و زەمانێک پتر گەشەی کرد، بە چەشنێک کە زۆرێک لە کۆمەڵناسانی ئێرانی و

تەنانەت دەرەکیش، لە ئێرانی ئەمڕۆدا ڕەوتی نەتەوەخوازی بە بەهێزترین ڕەوتی فیکری و سیاسی دەزانن. ڕاستییەکەی ئەم دیاردەیە، دەرئەنجامی پارادۆکسیکاڵ یان هەڤدژیی دژەنەتەوەییی خومەینییە. لەو سۆنگەوە کە ئەم نەتەوەگەراییە لە کاردانەوەی زێدەخوازی و تاکڕەویی ئیسلام لە پاش شۆڕشەوە گەشەی کرد، کۆماری ئیسلامیی تووشی قەیرانێکی قووڵ کردووەتەوە.

یەکێکی تر لە بیرۆکە سەرەکییەکانی خومەینی، گەڕانەوە بوو بۆ نەریت و ئوسووڵی بەراییی ئیسلام. خومەینی ساڵی ١٩٦٣ هەم دژ بە "پێداچوونەوەی یاسای هەڵبژاردن"، کە مافی دەنگدانی بە ژنان دەبەخشی و، هەم دژ بە "فەرمانی شۆڕشی سپی" کە بەراییترین پرەنیسپی ئەم فەرمانە "چاکسازیی زەوی" و "هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی ئاغا و ڕەعییەت" بوو، وەستایەوە. پاش شۆڕشیش زۆرێک لە مافە یاسایی و پەسەندکراوەکانی ژنانی لێ سەندنەوە. بەڵام لەم بوارەشدا ئەنجامی دڵخوازی نەچنیەوە. هێشتا پایەکانی کۆماری ئیسلامی تۆکمە نەبووبوون کە دۆزی نوێبوونەوە و گەشەپێدان بوون بە چەقی باسوخواسە سیاسییەکانی ئێران و ژنان بۆ بەدەستهێنانەوەی مافەکانی خۆیان هەستانە سەر پێ و بە چەشنێک هێز و لێوەشاوەییان نواند، کە لە بارەیانەوە دەگوترێت نەک هەر لە مێژووی ئێراندا، بگرە لە مێژووی وڵاتانی موسوڵماندا، بێ وێنە بووە.

ڕاستە ئەمڕۆکە ئاستی بەشداریی ژنانی ئێران لە کاروباری ئابووریدا پتر لە ١٠% کەمترە لە ئاستی بەشداریی ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەهەمان بواردا، بەڵام ناتوانرێت نکۆڵی لە دەستکەوتی مەزنی بزاڤی ژنان لە کۆماری ئیسلامیدا بکرێت. هێشتا چەند ساڵێک بەسەر مەرگی خومەینیدا تێنەپەڕیبوو، بزاڤی ژنان توانی دەرگەی زۆرێک لە بەشەکانی زانکۆ بە ڕووی ژناندا بکاتەوە، بەشەکانی وەکوو پزیشکی، دەرمانسازی، مامۆستای زانکۆ، ئەندازیاری، وەرگێڕان و هاوکاریی کۆمەڵایەتی. بەپێی ئامارە باوەڕپێکراوەکان، لە بەراییەکانی دەیەی ١٩٩٠دا، ژنان ٥٦%ی فێرخوازانی زانستە سروشتییەکان و ٢٠%ی قۆناغی دکتۆرای بواری فەلسەفەیان پێک دەهێنا. لە ساڵی ١٩٩٨_١٩٩٩دا ١٤%ی پرۆفیسۆرانی یاریدەدەر لە زانکۆکانی ئێراندا لە ژنان بوون. هەڵبەت ژنان لەمەڕ ئەو ڕاستییە بە ئاگان کە لە کۆماری ئیسلامیدا دەستڕاگەیشتن بە مافی بەرابەری و هاوتابوون لەگەڵ پیاواندا، کاری نەکردەیە. بۆ نموونە، تاکوو ئەو ڕۆژەی کۆماری ئیسلامی لەسەر پێیە، ژنان ناتوانن بگەن بە پێگەی دادوەری و سەرەۆککۆماری.

یەکێکی تر لە بیرۆکە سەرەکییەکانی خومەینی لە بونیادنانی کۆماری ئیسلامیدا، بریتییە لە بیرۆکەی "ویلایەتی فەقییە". ئەم بیرۆکەیە بە گرنگترین تیۆری سیاسیی وی دەزانن. بناغەی کۆماری ئیسلامی لەسەر پایەی ئەم بیرۆکەیە بەهێز کراوە. خومەینی لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٦٠دا، تیۆری ویلایەتی فەقییەی مشتوماڵ و شیتەڵ کرد، بەڵام لە سەروبەندی شۆڕش و بەراییەکانی سەرکەوتنی شۆڕش و لە چاوپێکەوتن، گوتارەکان و بەیاننامەکانیدا، هیچ قسەیەکی لەبارەوە نەکرد. هەڵبەت بەر لە خومەینی، زانایانی شیعە لەمەڕ ویلایەتی فەقییە لە کاروباری وەکوو "سەرپەرشتیی کەسی بەخشراو"(ویلایت بر شخص محجور)، واتا کەسێک کە ڕێگریی لێ کراوە هەڵسوکەوت بە داراییی خۆیەوە بکات، پەیڤاون. بەڵام "ویلایەتی فەقییە" بە مانای سەرپەرشتیکردنی وڵات و حکومەتداری، دروستکراوی خومەینییە. ئەم بیرۆکەیە یەکێکە لە بیرۆکە ناقۆڵا و ناسازگارەکانی وی. نەیارانی ویلایەتی فەقییە، ئەم بیرۆکەیە بە داهێنراو(بیدعە)ـیەکی ئایینی و فیقهیی دەزانن.

پێگەی ڕێبەری باڵا "مقام معظم رهبری"، دامەزراوەیەک کە لەسەر پایەی ویلایەتی فەقییە تۆکمە کراوە، یەکێکە لە گرێکوێرەکانی سیستەمی کۆماری ئیسلامی. هەندێک لە هاوڕێبازان و تێکۆشەرانی سەرەتاییی شۆڕشی ئیسلامی بەهۆی دژایەتیکردنیان لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدا، نەک هەر لە دەسەڵات، بگرە لە وڵاتیش هەڵکەنران. بە گوتەی موحسینی کەدیوەر[4]، وەلیی فەقییە خودانی دەسەڵات و بژاردەیەکی بێسنووری باڵاتر لە دەستوور و سێ دەسەڵاتەکەی تری کۆماری ئیسلامییە. دەبێت خەڵک، دەوڵەت و دامەزراوەکانی وڵات گوێڕایەڵی بێ چەندوچوونی وی بن.

بەڵام شرۆڤەکاران، گۆشەگیریی سیاسیی ئێران لە جیهاندا بە شوومترین میراتی خومەینی دەزانن. دەڵێن پێگەی ناباو و نائاساییی ئەم وڵاتە لە جیهاندا و پەراوێزخستنی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کە ٤٣ ساڵ پێش ئێستا دەستی پێ کرد و هێشتاکانێ هەر بەردەوامە، لە دیرۆکی دوورودرێژی ئێراندا بێپێشینەیە. ئەمڕۆکە ئێران لە جیهاندا وڵاتێکی تووڕهەڵدراو و کەنارخراوە. مێملێی خومەینی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و بیگانەکان بەگشتی کە لە دروشمی "نە ڕۆژهەڵات نە ڕۆژاوا، کۆماری ئیسلامی"(نە شرقی، نە غربی، جمهوری اسلامی)ـدا کورتکراوەتەوە، پەیوەندیی ئێرانی لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا لە گرێژنە و چوارچێوەی باو و ئاساییی

[4] موحسنی کەدیوەر (محسن کدیور)، لەدایکبووی ١٩٥٩یە و نووسەر و توێژەر و هزرمەندیئاینییە و خاوەن بیرۆکەیە لەمەڕ تیۆلۆژیا و فیقهـ و هەروەتر ڕۆژهەڵاتناس و توێژەرە لە زانکۆی دۆک لە ئەمریکا. بەرهەمەکانی کەدیوەر لە ئێراندا یاساغن.

دیپلۆماسیدا بەدەرکرد. چەمکێکی ناڕوون و لێڵی بەوێنەی "دژەئیستیکبار" کە وەکوو یەکێک لە پرەنسیپەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران گیرسایەوە، نەک هەر بە تەنیا وڵاتانی ڕۆژاوا، بەڵکوو زۆرێک لە وڵاتانی موسوڵمانیشی لە پێکەوەنانی پەیوەندیی ئاشتییانە و دۆستانە لەگەڵ ئێراندا دوودڵ و سەرگەردان کرد.

لەداردانە بە گۆترەکانی بەراییی شۆڕش و فەرمانی کوشتاری هەزاران زیندانیی سیاسی لە هاوینی ١٩٨٣دا، پاژێکە لە ڕەشترین پەڕەکانی کارنامەی خومەینی. ئەو خوێنڕێژییانە نەک هەر گرووپ و دەستەگەلی مەزنی لە خەڵکیی ئێران کرد بە دوژمنانی قەسەمخواردووی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو تەنانەت بەشێک لە هاوڕێبازانی نزیک و یارانی بەئەمەکی خومەینیشی لێ دوورخستەوە. کۆمەڵناسان باوەڕیان وایە وێڕای زامگەلی قووڵ و ناسۆری ڕۆحی و دەروونیی ئەو کوشتارانە لەناو کەسوکار و پاشماوەی قوربانییەکاندا، یەکێک لە لێکەوتە سۆسیۆلۆژییەکانی، درزێک بوو کە لەنێوان دەزگەی حکومەتیی کۆماری ئیسلامی و بەشێک لە جەستەی کۆمەڵگەدا کەوتەوە و بڕاییبڕ لەناو نەچوو.

## جووڵانەوە ناڕەزایەتییە بەربڵاوەکان

جووڵانەوە ناوچەیی و نەتەوەیییەکانی ساڵانی بەراییی ژیانی کۆماری ئیسلامی، بزاڤگەلی ناڕەزایەتیی وڵاتگرەوە، یان لەسەر ئاستی وڵاتدا بزاڤەیلی بەربڵاوی وەها نەبوون. بۆیە شرۆڤەکاران و مێژوونووسان بە جیا لە هەریەکەیان دەکۆڵنەوە. هەروابێتەوە، کێشمەکێشە سیاسییەکان و پێکدادانی چەکداریی گرووپ و رێکخراوە سیاسی و سیاسی_سەربازییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیش، لەژێر ناونیشانی جووڵانەوەگەلی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی، ئابووری یان سیاسیی ناودێر ناکەن. هەڵبەت بە ڕەچاوکردنی پێناسەی "جووڵانەوە" لە کۆمەڵناسیی سیاسیدا، گشت ئەوانە بە "جووڵانەوە" هەژمار دەکرێن. لە کۆمەڵناسیدا، جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی بە هەر جۆرە بزاڤێکی بەکۆمەڵ دەگوترێت کە لە دژی نەزمی کۆمەڵایەتی، دامەزراوەکانی ڕۆژ، یان بڕیارێکی حکومەتی بە مەبەستی چاکسازی، گۆڕان یان ناچارکردنی دەسەڵاتداران بە پاشگەزبوونەوە لە بڕیارەکانیان، سەرپێ دەکەوێت.

ئەمڕۆ لە ئێراندا جووڵانەوە ناڕەزایەتییەکان بووە بە مژارێکی ئاسایی. زۆرێکیان ناوچەیی و، بە دەربڕێنێکی تر سنووردار و بەشەکین، ئەوە بۆیە هەواڵیش

لەبارەیانەوە لە ئاستێکی سنووردارتردا پەخش دەبێتەوە. بەگشتی ڕژێم دایاندەمرکێنێتەوە، تاکوو ئەوەی دیسان سەر هەڵدەدەنەوە. بەڵام جووڵانەوەگەلێک وا شێلگیرانە هەڕەشە لە بوونی ڕژێم دەکەن، جووڵانەوەی ناڕەزایەتییە بەربڵاو و هەراوەکانن.

زۆرێک لە شارەزایانی ئێران جووڵانەوەی ناڕەزایەتیی مانگی ئابانی ١٣٩٨ (نۆڤەمبەری ٢٠١٩)، بە بەربڵاوترین و خوێناویترین بزاڤی ناڕەزایەتیی ٤٣ ساڵی ڕابردوو دەزانن. ڕاوبۆچوون و باسوخواس لەمەڕ بازنەی تەشەنەسەندنی ئەو جووڵانەوەیە، داواکارییە ڕاستەقینەکانی، هۆکارەکانی زەبروزەنگ و توندوتیژیئامێزیی، پێگەی چینایەتیی چالاکڤانە سەرەکییەکانی، تێکڕای تەمەنی بەشداربووەکانی، ژمارەی کوژراوەکانی و چارەنووسی دەستگیرکراوەکانی، هێشتاکانێ بەردەوامە. هێشتاکانێ شرۆڤەکاران و چاودێرانی شێلگیری ئێرانی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا، بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک ڕاستیی حاشاهەڵنەگر کە تا نها لەمەڕ چەند و چۆنیی ئەم جووڵانەوەیە لە ڕاگەیاندنەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکراوەتەوە، لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم بزاڤە شەنوکەو و شیتەڵ و شرۆڤە دەکەن. ئەم جووڵانەوەیە، شەشەمین بزاڤی ناڕەزایەتیی بەربڵاوی ساڵانی پاش شۆڕش بوو.

هەوەڵین جووڵانەوەی بەرفروانی ساڵانی پاش شۆڕش، سەرهەڵدانی ئایاری ساڵی ١٩٩٢ (خوردادماهی ١٣٧١)ی مەشهەد بوو. ئەم جووڵانەوەیە لە ٣٠ی ئایار (٩ی خوردادماهـ)دا بە خۆپیشاندانی خەڵکە پەراوێزخراوەکەی گەڕەکی (کوه طلاب) لە دژی ڕووخاندنی خانووەکانیان دەستی پێ کرد و زۆر بەخێرایی بۆ بزاڤێکی بەرفراوانی پرۆتێستیی لە دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی گۆڕا. لەو جووڵانەوەیەدا کە سەرانسەری شاری مەشهەدی گرتەوە، خەڵکان هەڵیانکوتایە سەر بینا حکومییەکان و چەندان بارەگای هێزەکانی پۆلیس، بانک و ناوەندە بازرگانی و سیاسی و کولتوورییەکانی وابەستە بە گرووپی دامەزراوەکانی "ئاستانی قودسی ڕەزەوی"یان ئاگر دا. جووڵانەوەکە لە ڕۆژی ٣١ی ئایار (١٠ای خوردادماهـ)دا، بە هێرشی بەرفراوانی هێزەکانی سووپای خوراسان و پارێزگاکانی دەوروبەر، سەرکوت کرا. لەو جووڵانەوەیەدا شەش کەس لە هێزە تەناهییەکان و سێ کەس لە خەڵکی ئاسایی کوژران، سێسەد کەس بەند کران و شاری مەشهەد زیانی زۆری بەرکەوت. نەختێک دواتر، عەلیی جەنەتی لە پۆستی پارێزگاری خۆرسان لادرا و بۆ تاران بانگ کرا. دە ڕۆژ دواتر، چوار کەس لە چالاکڤانە سەرەکییەکانی جووڵانەوەکە لەدار دران.

دووەمین جووڵانەوەی ناڕەزایەتیی بەرفراوان، فێرخوازانی زانکۆی تاران لە ٩ی تەمووزی ١٩٩٩(١٨ای تیرماهی ١٣٧٨)دا لە دژی وەستاندنی ڕۆژنامەی (سەلام) لە سەردەمی سەرۆکایەتیی موحەممەدی خاتەمیدا سەرپێیان خست. ئەو جووڵانەوەیە تاکوو ١٤ای تەمووز (٢٣ی تیرماهـ) درێژەی کێشا. ڕۆژنامەی سەلام، هەوەڵین ڕۆژنامەی ڕەخنەئامێز بوو لە ڕژێم لە پاش مەرگی خومەینی، کە لە ٩ی شووباتی ١٩٩١ (٢٠ی بەهمەن ماهی ساڵی ١٣٦٩)ـەوە بە سەرپەرشتیی عەبباسی عەبدی دەهاتە وەشاندن و لە ٦ی تەمووزی ١٩٩٩(١٥ای تیرماهی ١٣٧٨)ـدا بۆ ماوەی پێنج ساڵ وەستێنرا. جووڵانەوەی ناڕەزایەتیی (تیرماهـ) بە کۆبوونەوەی پرۆتێستیی فێرخوازان لە بەشەناوخۆییی کامپی زانکۆ دەستی پێ کرد. لە ١١ای تەمووز (٢٠ی تیرماهـ)ـدا فێرخوازانی زانکۆی تەبرێزیش وەکوو ئاماژەیەک بۆ پێکەوەیی و هاوسۆزی لەگەڵ فێرخوازانی زانکۆی تاران و بۆ پرۆتێستی وەستاندنی ڕۆژنامەی سەلام، دەستیان دایە خۆپیشاندان. لە پەلاماری هێزەکانی پۆلیس و گرووپی ناسراو بە (لیباس شەخسییەکان) بۆ سەر فێرخوازانی تەبرێز، دەیان فێرخواز بریندار بوون و بەپێی گێڕانەوەیەکیش، بەسیجییەک کوژرا. لە تارانیشدا، لە پەلاماری سووپا و ئەنساری حیزبووڵادا بۆ سەر کامپی زانکۆ و بەشەناخۆییی فێرخوازان، حەوت کەس کوژران و پتر لە سێسەد کەس دەستگیر کران.

سێیەمین جووڵانەوەی ناڕەزایەتیی بەرفراوان، جووڵانەوەی فێزخوازانی زانکۆ و بزاڤی زانکۆییی هاوینی ساڵی ١٩٩٥ (١٣٨٢) بوو، کە لە چوارەمین ساڵڕۆژی پەلاماردانی سەر بەشەناوخۆییەکان لە ساڵی ١٩٩١دا و بۆ پرۆتێستی فەرمانی لەسێدارەدانی هاشمی ئاقاجەری لە دادگای بەراییدا، سەرپێ خرا. چیرۆکەکە ئاوهاییە، ئاقاجەری، مامۆستای زانکۆی (تەربییەتی مودەڕیس)[5]، لە ١١ای ٦ی ٢٠٠٢ (٢١ی خوردادی ١٣٨١)دا لە کۆڕێکدا لە هۆڵی (موعەلیم)ی زانکۆی هەمەداندا کە بە بۆنەی ساڵڕۆژی کۆچی دواییی عەلی شەریعەتییەوە ساز درابوو، قسانێکی بێژا، داواکاری گشتیی ئەو قسانەی بە سووکایەتیکردن بە ئیسلام و پیرۆزییەکانی موسوڵمانان لێک دایەوە و سکاڵای لەسەر خاوەنپەیڤ تۆمار کرد. لقی چواردەی دادگای گشتیی هەمەدان پاش بەدەمەوەچوونی سکاڵای یارۆی سکاڵاکەر، بە تۆمەتی هەڵگەڕانەوە "ئیرتیداد"، فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ ئاقاجەری دەرکرد. ئەم فەرمانە ناڕەزایەتیی بەرفراوانی فێرخوازان و کۆمەڵگەی ئەکادیمیی زانکۆ و تەنانەت ڕێک لە کەسایەتییە سیاسییەکان، لەوانە موحەممەدی خاتەمیی سەرۆککۆماری بەدوای خۆیدا هێنا.

[5] یەکێکە لە زانکۆ ناسراوەکانی تاران و لە ساڵی ١٩٨٢دا دامەزراوە و دەیان کۆلێژ و بەشی زانستە مرۆیی و سروشتییەکان لەخۆ دەگرێت.

فێرخوازان و ئەکادیمییەکان بە ڕێکخستنی کۆبوونەوە و وتاردان و ڕستێک گردبوونەوە لە ناوەوەی زانکۆدا، بەردەوامییان بە ناڕەزایەتییەکانی خۆیان دا تاکوو سەرئەنجام دادگای تێهەڵچوونەوە حوکمەکەی سووک کرد و لە لەسێدارەدانەوە بۆ چەند ساڵێک زیندانیکردن گۆڕی.

چوارەمین جووڵانەوەی ناڕەزایەتیی بەرفراوان، بۆ پرۆتێستی ئەنجامەکانی دەیەمین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار لە ساڵی ۲۰۰۹ (۱۳۸۸)دا سەرڕێ کەوت. ئەو بزاڤە خۆڕسک و خۆسەرە کە بە "جووڵانەوەی سەوز" ناودێر کرا، خەڵکانێک سەرپێیان خستبوو، کاتی خۆی بە هیوای گۆڕانکاری بە جۆشوخرۆشەوە چووبوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان. وەلێ ئەوەی لە سندووقەکانەوە هاتە دەرێ، ناباوەڕی، جاڕسی و تووڕەیی ئەوانی ورووژاند. لەو جووڵانەوەیەدا، چینی ناوەندی شارنشین پشکی بەرچاوی هەبوو، بەڵام بازنەی جووڵانەوەکە ئێجگار بەرینتر و داواکارییەکانی سەرووتر لە داواکاریی ئەو چینە بوو. لەم سۆنگەوە توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی هاتنە ناو جووڵانەوەکە، ئاخر کۆماری ئیسلامییان بە وەڵامگۆی خواستە ئابووری، کولتووری و سیاسییەکانی خۆیان نەدەزانی.

پێنجەمین جووڵانەوەی ناڕەزایەتیی بەرفراوان، لە دیسەمبەری ۲۰۱۸ (۷ی دی ماهی ۱۳۹۷)دا بۆ پرۆتێستی گرانی و سیاسەتەکانی دەوڵەتی حەسەنی ڕۆحانی، لە مەشهەد و شارە گەورەکانی پارێزگای خۆراسان دەستی پێ کرد و زۆر زوو زۆرێک لە شارەکانی تری وڵاتی گرتەوە، لەوانە ئەراک، ساوە، تاران، کەرج، بەندەرعەبباس و ئەهواز. داواکارییەکانی ئەم جووڵانەوەیە کە سەرەتا ئابووری بوو، دەمودەست ڕەنگوبۆنی سیاسیی وەخۆ گرت و خۆپیشاندەران دەستیان بە گوتنەوەی دروشمگەلێک لە دژی عەلیی خامەنەیی و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و بۆ پشتگیری لە ماڵباتی پەهلەوی، کرد. عەلیی خامەنەیی ئەم جووڵانەوەیەشی خستە ئەستۆی پیلانگێڕیی ئەمریکا، ئیسرائیل و بەریتانیا. لەنێوان قوربانییەکانی ئەم بزاڤەدا کە دەیان کەس دەبوون، دووانیان فێرخوازی زانکۆ بوون کە بە فیشەک کوژران. لەم جووڵانەوەیەشدا خەڵکی پەلاماری زۆرێک لە دامەزراوە و بینا حکومی و دەوڵەتییەکانیان دا.

شەشەمین جووڵانەوەی نارەزایەتیی بەرفراوان، وەک گوتمان، لە ۲۰۱۹ (۲۵ی ئابانی ۱۳۹۸)دا بە دوای پشکبەندیی بەنزین و زیادبوونی لە هیکڕا و زیادەڕەوانەی نرخەکەی، سەرڕێ کەوت و، پتر لە ۱۰۰ شاری ئێرانی گرتەوە. خۆپیشاندەکان زۆر زوو

گۆڕا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە تەناهییەکان و سەدان و بە دەرپڕینێک نزیک بە هەزار و پێنجسەد کوژراوی لێ کەوتەوە. ئەم جووڵانەوەیە بە بەرفروانترین و خوێناویترین بزاڤی ناڕەزایەتیی چل و سێ ساڵی ڕابردوو دەزانن.

## ئاوڕێک لە کارنامەی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ پاراستنی ژینگەی وڵات

کۆماری ئیسلامی بەهۆی نەزانین و ناکارامەیی و سیاسەتی هەڵە و ناقۆڵاوە، زیانی کوشندەی لە ژینگەی وڵات داوە. شارەزایان، زیادبوونی بێ بەرنامەی ژمارەی دانیشتوان لەپاش شۆڕش، بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکێکانی وێرانکردنی ژینگەی ئێران دەزانن. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت خامەنەیی، هێشتا داکۆکیکاری گەشەی ژمارەی دانیشتوانن لە ئێراندا. لە ساڵی ١٩٧٧دا، واتا دوو ساڵ پێش شۆڕش، ژمارەی دانیشتوانی ئێران لە ٣٤ میلیۆن کەس کەمتر بوو. لە ساڵی ٢٠٢٠دا گەیشتبووە دەوروبەری ٨٤ میلیۆن کەس.

لە کۆی ٥٠ هەزار تەن خاشاک کە ڕۆژانە ئەم ژمارەی دانیشتوانە بەرهەمی دەهێنن، کەمتر لە ١٠%ی ڕیسایکڵ دەکرێت. ئەوی تری یان تووڕهەڵدەدرێتە سروشتەوە یان لەژێر خاکدا دەشاردرێتەوە. بە گوتەی سەرۆکی شارەوانیی تاران، شارەوانی گشت ڕۆژێک نۆ تەن خاشاک لە ماڵان و سەتڵی زبڵی سەر شەقامەکانی تاران کۆ دەکاتەوە و بۆ ناوچەکانی هەرە خوارووی تاران، واتا (ئاراد کو)ی دەگوازێتەوە. خێزانێکی ئێرانی بە ئەندازەی دوو یان سێ خێزانی ئەڵمانیایی زبڵ و خاشاک بەبار دێنێت. لە کاتێکدا ئاستی ڕیساکڵینی خاشاک لە ئەڵمانیادا ئێجگار بەرزە و بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان، بە کۆی گشتیی دەگاتە پتر لە ٩٠%ی کۆی گشتی خاشاکەکە.

هۆکارێکی تری سەرەکیی وێرانکردنی ژینگە لە ئێراندا، زیادبوونی ئۆتۆمۆبێل و، دەرئەنجام ئاستی ئێجگار بەرزی بەکارهێنانی بەنزین و گازۆئیلە. بەگوێرەی ئامارەکانی سەنتەری ئاماری ئێران، لە ساڵی ١٩٧٩دا، ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکانی ئێران نەختێک پتر لە ٩٦٠ هەزار و ئاستی بەکارهێنانی بەنزین، پێنج ملیار لیتر و ئاستی بەکارهێنانی گازۆئیل نۆ و نیو ملیارد لیتر بووە. سی و سێ ساڵ دواتر، واتە لە ساڵی ٢٠١٢دا، ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکان بە شانزە میلیۆن و، ئاستی بەکارهێنانی بەنزین بە پتر لە بیست و سێ ملیارد لیتر و ئاستی بەکارهێنانی گازۆئێل بە سی و چوار ملیارد لیتر گەیشتبوو.

ساڵانە چل و پێنج هەزار ئێرانی بەهۆی پیسبوونی هەواوە گیان لەدەست دەدەن. لەناو ٣٥%ی منداڵانی تاراندا، نیشانەکانی نەخۆشیی تەنگەنەفەسیی و هەستیارییەکانی تری پەیوەست بە پیسبوونی هەوا، دەبینرێت. لە هەندێک ناوچەی ئێراندا، خەڵکی بە دەست پیسبوونی هەوا لە ڕێگەی سەرچاوە سروشتییەکانەوە دەناڵێنن. لە خوزستاندا گەردوغوبار و لە ئازەربایجاندا ڕەشەبای خوێ، پیسبوونی هەوای دووبەرانبەر کردووە.

وشکەساڵی لە ئێراندا دیاردەیەکی نوێ نییە. ئەم وڵاتە لە دیرۆکی دوورودرێژی خۆیدا چەندانجار دووچاری وشکەساڵی بووە. کەواتە هۆی سەرەکیی وشکبوونی ڕووبارەکانی وەکوو "کارون" و "زایەندە رود" یان دەریاچەکانی وەکوو "ورمێ" و "بەختگان"، وشکەساڵی نییە. تاڕادەیەک هەموو شارەزایان، ناکارامەییی دەوڵەتە یەکلەدواییەکەکان و بەڕێوەبردنی هەڵەی سەرچاوە ئاوییەکان، بە هۆکاری سەرەکیی وشکبوونی ئەو ڕووبارە و دەریاچانە دەزانن.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی (فاو)، لە ساڵی ١٩٧٩دا، واتا لە هەوەڵین ساڵی شۆڕشدا، ڕووبەری پانتاییی لێڕەوار و دارستانەکانی ئێران پتر بووە لە هەژدە میلیۆن هێکتار. لە ساڵی ٢٠٠٥دا بانکی جیهانی ئاشکرای کرد کە ساڵانە سەد و بیست و پێنج هەزار هێکتار لە دارستانەکانی ئێران لەناو دەچێت. ئا بەم ڕیتمی لەناوچوونە، پێشبینی دەکەن لە پەنجا ساڵی ئایندەدا، لێڕەوار و دارستانێک لە ئێراندا بوونی نامێنێت. لە ماوەی ساڵانی نێوان ١٩٨٦ تا ٢٠١٢، واتا لە ماوەی بیست و پێنج ساڵدا، نزیکەی هەژدەهەزارجار پێشهاتی ئاگرکەوتنەوەی بەئەنقەست و بێ ئەنقەست لە دارستانەکانی ئێراندا ڕوویان داوە.

ساڵێک بەر لە شۆڕش، پێنج میلیۆن هێکتار لە ڕووبەری وڵات، وەکوو پارکی نیشتمانی و داڵدەگای ژیانی کێوی، بە ناوچەی پارێزراو ناودێرکرابوو. ئەسکەندەر فەیرووز، بونیادنەری "دامەزراوەی پاراستنی ژینگەی ئێران"، لە یادداشتەکانیدا لەبارەی فێرکاریی دوو هەزار و سێسەد ژینگەپارێز و هەزار و چوارسەد ئەفسەری ژینگەوە پەیڤاوە.

ئەگەرچی ئامارە ڕەسمییەکانی ئێستا لەمەڕ زیادبوونی پانتاییی ناوچە پارێزراوەکان زانیاری دەدەن، بەڵام هێزی مرۆییی پارێزەری ژینگە پتر نەبووە، بە چەشنێک هەندێک لە ناوچەکان بەهای پاراستنیی خۆیان لەدەست داوە و ژیانی کێوی تێیاندا بەتەواوی

نابوود بووە. بۆ نموونە، ساڵێک پێش شۆڕش، لە ناوچەی پارێزراوی بێستوون، دەهەزار سەر "کەڵەکێوی و بزنەکێوی" بوونیان هەبوو. بیست ساڵ دواتر، هیچ جێ-وڕێ و پاشماوەیەک لەم جۆرە بزنەکێوییە نەدۆزرایەوە. بەپێی ئاماری دامەزراوەی ژینگە، ساڵێک پێش شۆڕش، لە پارکی نیشتیمانیی کەویردا، دووسەد جۆری ناوازەی کەرەکێویی ئێرانی بوونیان هەبوو. بیست ساڵ دواتر تەنانەت یەک کەرەکێویش لەو پارکەدا نەبینرا.

لێکۆڵینەوەی بێلایەنانەی شارەزایان دەریدەخات ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی، پاراستنی ژینگەی وڵات بە ئەرکێکی لەپێشینە و شێلگیر نازانن، تەنانەت سەروەختێکیش کە سەلامەتی و گیانی خەڵکان لە مەترسیدایە. ڕێبەرانی ئێران، بە چاوی ئەمنییەوە لە کۆششی ئێرانییە دڵسۆزەکان و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکانیش دەنۆڕن و ناهێڵن هیچ نەبێ ئەو کۆششانە بە ئەنجام بگەن.

## کۆماری ئیسلامی: خۆمانە و بێگانە، ئاشانا و نائاشنا

کۆماری ئیسلامی وەکوو بێگانە لە خەڵکانی بڕێک لە پارێزگاکانی وڵات دەنۆڕن. کوردستان و بەلوچستان و خوزستان لەو خەڵکانەن. ڕەنگە هیچ پارێزگایەک هێندی خوزستان، زام و ستەم و زیانی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە پێ نەکەوتبێت. گڕگرتنی سینەما ڕێکسی ئابەدان لە ١٩ی ئابی ١٩٧٨ (٢٨ی مورداد‌ماهی ١٣٥٧)دا، کە تێیدا نزیکەی حەوتسەد کەس گیانی خۆیان لەدەست دا و شۆڕشگێڕان بەرپرسیارییەتیی ئەم ڕووداوەیان خستە ئەستۆی ساواک، لە سەرکەوتنی شۆڕشدا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو. ئاخر تووڕەییی خەڵکیی لەدژی ڕژێمی فەرمانڕەوا وروووژاند و دەرگەی بەسەر هەر چەشنە ڕێگەچارەیەکی سیاسییدا داخست. بەڵام دواتر دەرکەوت ئەم تاوانە ترسناکە کاری شۆڕشگێڕە دەرمارگیرە مەزهەبییەکان بووە. لە دادگایەکدا کە پاش شۆڕش بەڕێوە چوو، گرووپێک لە شۆڕشگێڕە مەزهەبییەکان بە ئەنجامدەری ئەو ڕووداوە ناسێنران.

لە جەنگی ئێران و عێراقدا، کە دووەمین درێژخایەنترین جەنگی سەدەی بیستەمە لەپاش جەنگی ڤێتنامەوە و بە ڕەسمی لە سێپتەمبەری ١٩٨٠ (٣١ی شهریوری ١٣٥٩)دا دەستی پێ کرد و هەشت ساڵ درێژەی کێشا، خوزستانییەکان کە زێدیان هەمیشە گۆڕەپانی پێکدادانی نێوان هێزەکانی ئێران و سووپای عێراق بوو، باجێکی قورسیان

دا. هێرشی ئاسمانی و زەمینی، زیانی زۆری بە بنخانی ئابووری و سەرمایەی سروشتی، کولتووری، مەدەنی و مرۆیی ئەو پارێزگایە گەیاند.

خوزستان، کە پتر لە نیوەی ڕووبەرەکەی دەشتیاییە و بە پڕئاوترین پارێزگای ئێران بەناوبانگە، بەهۆی ناکارامەییی بەرپرسان و پلانی قازانجخوازیی و بەرژوەندگەراییی دەوڵەتە یەکلەدواییەکەکانەوە، تووشی بێ ئاوی هات، کارەساتێک کە هێشتاکانێ هەر بەردەوامە. لە کاتێکدا کاروون، مەزنترین ڕووباری ئێران، کەرخە، سێیەم درێژترین ڕووباری ئێران، بەناو ئەم پارێزگایەدا تێدەپەڕن.

بەشێکی گەورە لە زۆنکاوەکانی (هورالعظیم)، کە بە ڕووبەری پتر لە سەد و بیست هێکتارەوە لە کۆتاییی ڕووباری کەرخە لە ناوچەی سنووریی دەشتی "ئازادگان" هەڵکەوتووە، بەهۆی نەگەیشتنی ئاو پێی، وشک بوو، بە جۆرێک کە گشت دێ و ئاوەدانییەکانی دەوروبەری ئەم ناوچەیە بەهۆی کۆچی خەڵکەوە، نابوود بوون. یەکێکی تر لە لێکەوتەکانی وشکبوونەوەی ئەو زۆنکاوە، ڕەشەبای گەردوغوباراوییە کە ساڵانێکە خەڵکیی پارێزگاکەی بەگیر هێناوە و خۆڵ و تۆز و گەردی بە ئەندازەی ٢١جار پتر لە تێکڕای ئاساییی بڕی گەردوغوباری جیهان، بەبار هێناو. ئەم ڕەشەبایانە هۆکاری بڕینی بەردەوامی ئاو و کارەبا و هێڵەکانی تەلەفۆنن لە ئەهواز و چەندان شاری تری ئەم پارێزگایەدا.

بەڵام قەیرانی ئاوی خوزستان بە پلەی یەک دەرئەنجامی "نەخشەی گواستنەوەی ئاو لە لقەکانی کاروون" و خستنەئەستۆی ئەرکی دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی پارێزگاکەیە بۆ سەر شانی ڕووباری کەرخە. ئەمڕۆکە کاروون تەنانەت هازی گەیشتن و ڕژانە ناو دەریای نییە و ئەوە ئاوی سوێری دەریایە دەڕژێتە کاروونەوە و ئەمەیش بە مانای مەرگی ئەم ڕووبارە دێت.

بە گوتەی یەکێک لە شارەزایانی ژینگە، وەزیری وزە و بەرپرسانی ئەنجوومەنی باڵای ئاو، ویستوویانە زێد و واری خۆیان لە بانی ڕووتەختی ناوەندیی ئێران بە بەهای وێرانکردنی خوزستان، ئاوەدان بکەنەوە. بۆ هێنانەئارای کارخانەگەلی ئاسن و پترۆکیمیایی و پاڵاوگە لە زێدی خۆیاندا، ڕێڕەوی ئاوی کاروونیان لە سەرچاوەکانییەوە وەرسووڕاندووە و لای خوارەوە دەشتی بەبڕشت و بەپیتی خوزستانیان یەخسیری تینوویەتی و گیرۆدەی ڕەشەبای گەردوغوباراوی کردووە.

خوزستان یەکێکە لە پارێزگا پڕمشتومڕەکانی ئێران. ئەم پاریزگا نەوتاوییە، دەوڵەمەندترین پارێزگای وڵاتە. گەشەی ڕەوتی ناسنامەخوازی لەنێوان عەرەبەکانی ئەم پارێزگایەدا، بەتایبەت پاش کۆتاییی جەنگی ئێران و عێراق، جاربەجار بەرپرسانی وڵاتی ناچار بە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی مشتوماڵنەکراوی بیرلێنەکراوە کردووە. لە دەیەکانی ڕابردوودا، حکومەت و دەوڵەتە یەکلەدواییەکەکان بەپێی تێبینییە ئەمنییەکان ویستوویانە پێکهاتەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بە شێوازی میکانیکی بگۆڕن یان بەسەر دوو پارێزگای باکوور و باشووردا دابەشی بکەن. ئەم سیاسەتانە ناڕەزایەتیی نوێنەرانی ئەم پارێزگایەی بەدوادا هاتووە، لەوانە حەبیبی ئاقاجەری.

تاڕادەیەک گشت شارەزایان باوەڕیان وایە، دابەشکردنی پارێزگاکان و بەتایبەت پارێزگا سنوورییەکان بەسەر یەکەی بچووکتردا، یان ناچارکردنی دانیشتوانی ڕەسەنی پارێزگایەک بە جێهێشتنی زێدی باووباپیرانی خۆیان، نەک هەر کۆتاییی بە بزاڤگەلی ناسنامەخوازی و شوناسخوازی ناهێنێت، بەڵکوو هەستی وابەستەبوون بە وڵات لەناو خەڵکانی ئەو پارێزگایانە لەناو دەبات.

عەرەبەکان لە دانیشتوانە ڕەسەنەکەنی خوزستانن و ناسنامەخوازیی وان بەتایبەت سەرگەورەکانیان، سەرومڕ بەمانای جیاخوازی نایەت. هەڵبەت ناتوانرێت نکۆڵی لە ئامادەییی ڕەوتی جوودابیخوازی لەو پارێزگایە، وەکوو لە پارێزگا سنوورییەکانی تری وڵاتیشدا هەیە، بکرێت. بە گۆڕینی میکانیکیی پێکهاتەی دانیشتوانی پارێزگایەک یان دابەشکردنی ئەو پارێزگایە بەسەر یەکەی بچووکتردا، ڕەوتە جوودابیخوازەکان لەناو ناچن. بە گوتەی شارەزایان، ئێران حەوجەی بە دەوڵەتێکی نیشتیمانییە کە بە ڕێزگرتن لە هەمەچەشنیی نەتەوەیی و کولتووری، هەستی وابەستەبوون بە وڵات لەنێوان دانیشتوانی وڵاتدا بەهێز بکات. دەبێت عەرەبی خوزستانی هێندەی فارسییزمانێکی خۆراسانی خۆی بە ئێرانی بزانێت.

کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە بە بەدگومانی، نەزانی، جیاکاریی ڕەگەزی و زۆرگۆیی، پارێزگای خوزستانی بۆ یەکێک لە شانۆ سەرەکییەکانی جووڵانەوە ناڕەزایەتییە بەرفراوانەکان گۆڕیوە. تەقەکردن بەرەوڕووی ناڕازییان، دەستگیرکردنی بەکۆمەڵ و بەندکردنی چالاکڤانە سیاسی و مەدەنییەکانی پارێزگاکە، بەرسڤێکە کە تا نها ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ئاست ئەو ناڕەزایەتیانەدا گرتوویانەتە بەر.

ساڵانێک بەر لە ئێستا، هەواڵنامەی فێرخوازانی زانکۆ کە لە لایەنگرانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییە، نووسی: پیسبوونی ژینگە، بۆگەناو و کەمیی ئاو، ئەستۆی هاووڵاتیانی خوزستانیی گرتووە. ئەم قەیرانە بەهۆی کەمتەرخەمیی بەرپرسانەوە، بۆ قەیرانێکی ئەمنی-کۆمەڵایەتی گۆڕاوە. تا چەندێک بەر لە ئێستا دەوڵەت و پەڕلەمان، ئەم قەیرانەیان بە هاشوهوشی ڕەخنەگران و گەمەی سیاسی وەسف دەکرد و، دەرئەنجام قەیرانی بێ ئاوییان کە دەیانتوانی کۆنترۆڵی بکەن، بۆ هەیولایەکی زەبلاح گۆڕی کە نها هەموو خەڵکی لێی دەترسن.

## مەرگی ژینا ئەمینی و ئەو جووڵانەوە ناڕەزایەتییە کەموێنەیەی کە هەڵیگیرساند، لەگەڵ چاوخشاندنێک بە بزاڤی ژنانی ئێراندا

مەرگی غەمگینانە و ناخهەژێنی ژینا ئەمینی، کچە ٢٢ ساڵەیەکی خەڵکی سەقز، لە ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ (٢٢ شەهریوەری ١٤٠١)دا پاش دەستگیرکردنی بە بیانووی بەدحیجابی! شەپۆلێکی بەرفراوانی لە تووڕەیی و نەفرەت لەنێوان ئێرانییەکان و خەڵکیی جیهاندا بەبار هێنا. جووڵانەوەی ناڕەزایەتییانەی خەڵکی و بەتایبەت کوردەکان لە دەربڕینی هاوسۆزی و هاودەردییان بۆ خانەوادەی ژینا، بەرفراوانبوونێکی کەموێنەی بەخۆوە بینی. ئەم کچەلاوە کوردە بەهۆی لێدانی سەرییەوە بە دەستی کارمەندانی گەشتی ئیرشاد (دەورییەی ڕێنمایی)ی تارانەوە، گیانی لەدەست دا.

لە کەس شاراوە نییە کۆماری ئیسلامی لە وێرانە و داڕزان بترازێت، هیچ دیارییەکی تری بۆ خەڵکی ئێران پێ نەبووە. بەڵام ئەم ڕژێمە بەگوێرەی سروشت و خووخدەی خۆی، ستەمێکی دووبەرانبەری لە ژنانی ئێران کردووە. چۆنچۆنی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەستەواژەیەکیان لەژێر ناودێری "بەدحیجابی"دا داهێنا و کردیان بە بیانوویەک بۆ زۆرگۆیی و ستەمی دووچەندان لە ژنانی ئێران؟ بە نیگایەک لە مێژووی ئەم پێشهاتە، دەبینین داهێنەری ئەم دەستەواژەیە، خومەینی بوو و، خامەنەیی درێژەپێدەری ڕێگەی ئەوە.

خومەینی لە ساڵی ١٩٧٩دا، لە میانی نامەیەکدا بۆ دەوڵەتە کاتییەکەی بازرگان، داوای پێکهێنانی وەزارەتێکی سەربەخۆ بەناوی "فەرمان بە چاکە و نەهیی لە خراپە"ی کرد. داواکەی وی لە دۆخ و ڕەوشی ئاشووبزەدەی ساڵانی بەراییی شۆڕشدا

جێبەجێ نەبوو. لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٩ (خوردادماهی ١٣٦٨)دا، وی کۆچی دوایی کرد و خامەنەیی کە خۆی بە شاگردی بەئەمەکی خومەینی و جێبەجێکاری خواستەکانی دەزانی، بوو بە جێنشینی.

خامەنەیی لە ساڵی ١٩٩٣ (مووحەڕەمی ١٣٧٢)دا، لە میانی وتارێکدا لەناو کۆمەڵێک لە بەسیجییەکاندا، لەمەڕ هێرشی کولتووری، تاڵانیی کولتووری و شەبەیخوونی کولتووری پەیڤا و داوای زیندووکردنەوەی هەردوو ئەرکی "فەرمان بە چاکە و نەهیی لە خراپە" کرد.

بەدوای ئەو وتارەدا، ئەنجوومەنێک بە بەشداریی خودی خۆی و ژمارەیەک لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی پێک هێنرا کە مژاری ئەو ئەنجوومەنە، دامەزراندنی "ناوەندی بووژانەوەی فەرمان بە چاکە و نەهیی لە خراپە" بوو. خامەنەیی ئەرکی هێنانەئارای ڕێکخراوەکانی ئەو ناوەندەی بۆ ئایەتوڵا جەننەتی بەجێ هێشت. بە فەرمانی وی، هەفتەی یەکەمی مانگی مووحەڕەمیان بە "هەفتەی فەرمان بە چاکە و نەهیی لە خراپە" ناودێر کرد.

ناوەندی بووژانەوەی فەرمان بە چاکە و نەهیی لە خراپە وردەوردە بۆ یەکێک لە ڕوکنەکانی کۆماری ئیسلامی گۆڕا. لە پەرتووکی "فەرهەنگنامەی دەزگەکانی کۆماری ئیسلامی"دا کە پەرژاوەتە سەر ڕوونکردنەوەی نەود و حەوت دەزگەی دامەزراو لەپاش شۆڕشی ئیسلامی، ئەرکی ئەم ناوەندەی بە "پەرەپێدان و بەهێزکردنی گیانی بەرپرسیارییەتی لەناو خەڵکی"دا پێناسە کردووە کە دەبێت لە ڕێگەی "کولتوورسازیی"، "نموونەسازی" و "ڕەفتارسازیی"یەوە ئەنجامگیر بکرێت.

یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەم ناوەندە، چاودێریکردنی ڕەفتار و پۆشاکی ژنانی ئێرانییە لە فەزای گشتیدا. لە سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ (شەهریوەرماهی ١٣٨٠)دا، نوسینگەیەک لەناو ئەم ناوەندەدا بەناوی "نوسینگەی کاروباری ژنان" پێکهێنرا، ئامانجی ئەم نوسینگەیە، وەکوو لە ڕوونکردنەوەی پێکهاتە و ڕێکخراوەکانی ناوەندەکەدا هاتووە، بریتییە لە "برەودان بە چاکە و نەهیی لە خراپەکان لەنێوان خانمان"دا. ڕووبەڕووبوونەوەی بێحیجابی و بەدحیجابی، بۆ ئەم نوسینگەیە بەجێ هێڵراوە.

تاکوو ساڵی ١٩٨٣ (١٣٦٢)، کۆماری ئیسلامی نەیتوانیبوو ڕەهەندی یاسایی بدات بە حیجابی زۆرەملێ. لە بەراییەکانی شۆڕشدا بڕێک لە پیاوانی ئایینیی خودان

هەژموون، دژایەتیی بەزۆرەملێکردنی حیجابیان کرد و گوتیان وەها سەپاندنێک نەک هەر پاساوی شەرعیی نییە، بەڵکوو کارێکی نائەخلاقییشە. لە قورئانیشدا ئاماژەیەکی ڕوونی بۆ نەکراوە. بەڵام بە پەسەندکردنی یاسای سزادانی ئیسلامیی لەساڵی ١٩٨٣دا، کۆماری ئیسلامی توانی ڕەهەندی یاسایی بە حیجابی زۆرەملێ لە فەزای گشتیدا بدات.

بۆ هەوەڵینجار خومەینی مژاری حیجابی زۆرەملێی لە ٧ی مارسی ١٩٧٩ (١٦ی ئیسفەندماهی ١٣٥٧)دا، نزیک بە مانگێک پاش سەرکەوتنی شۆڕش و یەک ڕۆژ پێش هەوەڵین خۆپیشاندانی ژنان لە ٨ی مارسدا، خستەڕوو. خۆپیشاندانی بەرفراوانی ژنان لە دژی حیجابی زۆرەملێ لە ٨ی مارس و پەیڤە ئاشتیخوازییەکانی ئایەتووڵا تاڵەقانی، بوون بە هۆکاری ئەوەی خومەینی بۆ ماوەیەک دەست لە پێداگرتن لەسەر حیجابی زۆرملێ هەڵبگرێت.

ڕۆژنامەی ئیتڵاعات لە ١١ی مارسی ١٩٧٩ (٢٠ ئیسفەندماهی ١٣٥٧)دا نووسی: لەمەڕ حیجابەوە، ناچارییەک لە گۆڕێدا نییە. تەنانەت داواکاری گشتیی شۆڕش ڕایگەیاند: بێزارکەران و گێچەڵپێکێرانی خانمانی بێحیجاب، دژەشۆڕشن.

لەو سەروەختەدا سەرانسەری وڵات پەرێشان و نائارام و کۆماری ئیسلامیی تازەدامەزراو، لەرزۆک بوو. بەڵام هەرکە پایەکانی ڕژێم نەختێک تۆکمەتر بوون، دیسان دەنگی خومەینی لە دژی "هێماکانی شاهەنشاهی" لەناو فەرمانگە حکومییەکاندا بەرز بوویەوە. لە تەمموزی ١٩٨٠دا، لە میانی وتارێکدا، دەوڵەتی بەهۆی نواندنی کەمتەرخەمی لە ئیسلاماندنی فەرمانگەکاندا، بەر ڕێژنەی ڕەخنە دا و، دە ڕۆژ مۆڵەتی بە بەنی سەدر دا تاکوو فەرمانگەکان لە کاڵای ئیسلام هەڵکێشێت.

ئەنجوومەنی شۆڕش لە ٧ی تەمموزی ١٩٨٠ (١٦ی تیرماهی ١٣٥٩)دا، بە سەرۆکایەتیی ئەبوولحەسەنی بەنی سەدر، حیجابی زۆرەملێی پەسەند کرد و عەلی ئەکبەری هاشمیی ڕەفسەنجانی ئەم پەسەندناندنەی ڕاگەیاند: ''خانمان بەبێ حیجابی ئیسلامی، مافی چوونەژوورەوەیان بۆ ناو فەرمانگەکان نییە''.

جەنگێک کە لەوەودوا لەنێوان ژنانی ئازادیخوازی ئێران و کۆماری ئیسلامیدا هەڵگیرسا، بڕایبڕ خامۆش نەبوو. نەوەی تازەی ژنان وا پاش شۆڕش هاتنە گۆڕەپانەکەوە، مەشخەڵی ئەم جەنگە دیرۆکییەیان بە هەڵکراوی و ڕۆشنی هێشتەوە.

ڕاستە ژنان تاکوو نها لەم جەنگە نابەرانبەرەدا ئێجگار قوربانیان داوە، بەڵام ساتێکیش نەسرەوتوون و وچانیان نەناسیوە. زۆرێک لە شارەزایانی ئێرانی و جیهانی، وای بۆ دەچن ژنانی ئازادیخوازی ئێران لە خستەنەسەرچۆکی کۆماری ئیسلامیدا، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان دەبێت.

ژینا ئەمینی کۆتا قوربانیی حیجابی زۆرەملێ بوو لە کۆماری ئیسلامیدا. بە مەرگی ئەم خانمەلاوە و بەفراوانیی بازنەی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران و جیهاندا، دزرێکیش لەمەڕ حیجابی زۆرەملێ کەوتووەتە ناو هەناوی کۆماری ئیسلامییەوە. بێگومان، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەزانن پاشەکشەی وان لەم گۆڕەپانەدا، مزگێنیدەری کۆتاییی ڕژێمی قەیراناویی کۆماری ئیسلامییە.

## نایەکسانی و جیاکاریی ئایینی لە کۆماری ئیسلامیدا

کۆماری ئیسلامی لافی ئەوە لێ دەدا لە ئێراندا گشت ئایینەکان خودانی دەرفەتی یەکسان و ڕێزی هاوشێوەن. لەمبارەوە دەستووری کۆماری ئیسلامی چی دەڵێت؟

ئەو دەستوورەی لە گشتپرسیی ۳۰ و ۳۱ی مارسی ۱۹۷۹ (۱۰ و ۱۱ی فەروەردینماهی ۱۳۵۸)دا پەسەندکرا، چەندان بەندی بۆ ئایینەکان و پەیڕەوانی ئایینەکان تەرخان کردووە. لە بەندی دوانزەیەمیدا هاتووە: ''ئایینی ڕەسمیی ئێران، ئیسلام و مەزهەبی جەعفەریی دوانزە ئیمامییە و ئەم ئایینە تاهەتایە نەگۆڕە و مەزهەبەکانی تری ئیسلام، لەوانە حەنەفی، شافیعی، مالکی و حەنبەلی، خودانی ڕێزی تەواو دەبن و پەیڕەوانی ئەم مەزهەبانە لە بەجێگەیاندنی ڕێوڕەسمی مەزهەبیی خۆیاندا بەپێی فیقهی خۆیان، ئازادن''.

لە بەندی سیانزەیەمدا هاتوو: ''ئێرانییە زەڕدەشتییەکان، جوو و مەسیحیی بەو کەمینە ئایینیانە دێنە هەژمار کە لە کەوشەنی یاسادا لە بەجێگەیاندنی ڕێوڕەسمی ئایینیی خۆیاندا ئازادن و، لە مژاری باری کەسی و ڕێنماییی ئایینیدا، بەپێی ئایینی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن''.

دەقی دەستووری کۆماری ئیسلامی پێش ئەوەی لە میانی گشتپرسییەکدا لە لایەن خەڵکییەوە پەسەندبکرێت، لە ١٦ی سێپتەمبەری ۱۹۷۹ (۲۵ی شەهریوەری ۱۳۵۸)دا لە دانیشتنێکدا بە سەرۆکایەتیی ئایەتوڵا موونتەزەری لە لایەن "ئەنجوومەنی

هەڵسەنگێنەرانی کۆتاییی دەستوور"ـەوە پەسەندکرا. لەو دانیشتنەدا نوێنەرانی کەمینەی زەڕدەشتی و سوونەکان، داوای لابردنی دەستەواژەی "ئایینی ڕەسمی"ـیان لە بەندی دوانزیەمدا کرد و جەختکردنەوە لە دەستەواژەی "مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامی"ـیان وەکوو بەندێکی یاسایی، بە جیاکاریی لەدژی مافی پەیڕەوانی ئایین و مەزهەبەکانی تری وڵات زانی. مەولەوی عەبدولعەزیز، نوێنەری خەڵکیی بەلوچستان و سیستان، داوای بوونی مروونەت و لێبووردەیی کرد لە پاکنووسیی دەستووردا و دەستەواژەی "ئایینی ڕەسمی"ی لە بەندی دوانزەی دەستوورەکەدا، بە نیشانەی نابەرابەریی تاکەکانی کۆمەڵگە لەبەرانبەر یاسادا لێکدایەوە.

بەڵام سەرچاوەی سەرەکیی نایەکسانی و جیاکاریی ئایینی لە کۆماری ئیسلامیدا، هەر دەستەواژەی "ئایینی ڕەسمی" لە بەندی دوانزەی دەستووردا نەبوو. بەپێی بەندی سیانزەی ئەو دەستوورە، تەنیا هەرسێ ئایینی زەڕدەشتی، جوو و مەسیحی بە کەمینەی ئایینی دەناسرێن. لەسەر بنەمای ئەم بەندە، ئایینێک کە لە هەموو ئایینەکان پتر لە مافی مەدەنی و ئازادییە ڕێگەپێدراوەکان مەحرووم دەبێت، ئایینی "بەهایی" بوو. دەشێت و وا دێتە بەرچاو کە بەندی سیانزەیان بە پلەی یەکەم بۆ ئازاردانی پەیڕەوانی ئایینی بەهایی، لە دەستووری کۆماری ئیسلامیدا گونجاندبێت. ڕاستییەکەی، ئەو بەندە هەر لە سەرەتاوە دەستی گرووپگەلی دژەبەهایی بۆ کوشتار و ئازاردانی بەهاییەکان ئاوڵا کرد، بە چەشنێک لە سەردەمە قەیراناوییەکانی وەکوو سەروەختی بەبارمتەگرتنەکە و جەنگدا، لەو سۆنگەوە کە ڕای گشتی دەرگیری دۆزەیلی تر بوو، دەرفەتیان قۆستەوە و دەستیان دایە کوشتاری بەهاییەکان.

هەڵبەت خومەینی لە ڕۆژە بەراییەکانی هاتنەوەی بۆ ئێراندا، لە چاوپێکەوتنێکدا گوتبووی لە کۆماری ئیسلامیدا، بەهاییەکان مافی بەجێگەیاندنی سرووتی ئایینییان نییە و، بەم گوتەیە، سیاسەتی ڕژێمی نوێی لەمەڕ ئەم گرووپە ئێرانییە یەکلا کردبووەوە. لە چێوەی ئەم سیاسەتە پێشوەختە چێکراوەدا بوو، کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە هەر جێیەک دەرفەتێکیان چنگ کەوت و بۆیان لوا، مێملێی خۆیانیان لەگەڵ بەهاییەکاندا خستەڕوو. بە ماوەیەک پاش پێکەوەنانی کۆماری ئیسلامی، نوێنەری ڕژێمی نوێ لە ئەمریکا لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵگەی یەهوودیی ئەو وڵاتەدا گوتی، لە ئێراندا کەمینە ئایینییەکان مافیان هەیە،

بەڵام بەهاییەکان گرووپێکی سیاسیین نەک ئایینی و بۆیەش لە وەها مافێک بێبەشن.

بە وەها نۆڕینێک بوو، کوشتار و چەوساندنەوەی بەهاییەکان لە کۆماری ئیسلامیدا بوو بە مژارێکی ئاسایی. لە سەروەختی دەوڵەتی کاتیی مەهدیی بازرگاندا، کۆمیتەی ڕووبەڕووبوونەوەی بەهایی، لە تاران و شارەکانی دیکەدا، دەیانجار هەڵیانکوتایە سەر ماڵی بەهاییەکان. ئەنجوومەنی حوجەتییە، ئەوی وا پێش شۆڕش ناوی "ئەنجوومەی دژەبەهایی" بوو و، ئەندامەکانی پتر لە خەڵکانی بازاڕیی دەمارگیر و پیشەوەرانی هزربەبەردبووی ڕووکەشبین پێک هاتبوون، پاش شۆڕش بوو بە خودان دەسەڵاتێکی ڕەها. ئەم ئەنجوومەنە لە سەروەختی قۆناغی نۆ مانگیی دەوڵەتی کاتیدا، ئەنجامدەر و هۆکاری کوشتوکوشتاری دەیان بەهایی لە هەموو کونج و قوژبنێکی ئێران، گرتێبەردانی خانوو و تەختکردنی کێڵگەی بەهاییەکان بوو. لە کاردانەوەی سکاڵای بەهاییەکان لە ئێران و جیهاندا، باڵیۆزخانەکانی کۆماری ئیسلامی ڕایانگەیاند، تاوانی بەهاییە کوژراو و لەداردراوەکان، بیروباوەڕی ئایینییان نا، بەڵکوو پەیوەندییان بووە لەگەڵ ئیسرائیل و زایۆنیزمدا.

لە سەردەمی موحەممەد عەلیی ڕەجاییدا، گۆڕەپان لەسەر بەهاییەکان لە جاران پتر بەرتەسک کرایەوە. یارۆی ڕەجایی خۆی پێشتر ئەندامی ئەنجوومەنی حوجەتییە بوو و لەگەڵ ئایینی بەهاییدا مێملێی لەمێژینەی هەبوو. ئەوی دەم لە دەوڵەتە کاتییەکەی بازرگاندا کرا بە وەزیری وەزارەتی پەروەردە و فیرکردن، هەرزوو و بەبێ دەسیدەسی بە دەرکردنی ڕاسپاردەیەک، بەهاییەکانی لە قوتابخانەکان و خوێندنگە ئامادەییەکان دەرکرد. پاشان داوای بڕینی مووچەی خانەنشینیی مامۆستایانی بەهایی کرد. وەزارەتەکانی تریش چاویان لەم کرد. ڕەجایی لە زەمانی سەرۆککۆماریی بەنی سەدردا، بوو بە سەرۆکوەزیران و بە هێزێکی پترەوە جەنگی لە دژی بەهاییەکان ئاڕاستە کرد. بە گوتەی فەرەیدوونی وەهمەن، نووسەری پەرتووکی "سەد و شەست ساڵ جەنگ لەگەڵ ئایینی بەهاییدا"، لە کۆماری ئیسلامیدا زۆرترین بەهاییان لە ساڵی ١٩٧٩ەوە تاکوو ١٩٨٦ کوشت. ئەگەرچی دواتر لە گوڕوتینی چەوساندنەوە و کوشتوبڕی بەهاییەکان کەم بوویەوە، بەڵام مێملێی لەگەڵ ئایینی بەهاییدا کۆتاییی پێ نەهات. کۆماری ئیسلامی هێشتاکانێ بوار بۆ دژەبەهاییەت دەڕسکێنێت. دەستگیرکردنی بەهاییەکان بە بیانووی جۆراوجۆر و تەنانەت کوژرانیان بە دەستی دەمارگیر و توندئاژۆکانی شیعەوە، هێشتا بەردەوامیی هەیە.

لە کۆماری ئیسلامیدا، جیاکاریی لە دژی مافی موسوڵمانانی سوونەیش، کە یەکێک لە مەزنترین کەمینە ئایینییەکانی ئێرانن و دەگوترێت یەک لەسەر سێی کۆی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێک دەهێنن، بە مژارێکی پەسەندکراو و ئاسایی دەژمێرێت. کۆماری ئیسلامی هەر لە بەراییی بونیادنانییەوە، بە بیانووی جۆراوجۆر و بە جەنگ و کوشتوبڕ، تەنگی بە سوونەمەزهەبان هەڵچنی کە زۆرینەیان لە پارێزگا سنوورییەکانی وڵاتدا دەژین. ئەم موسوڵمانانە تەنانەت تاقانە مزگەوتێکیان لە مەزنەشاری تاراندا نییە. خەڵکان ڕێوڕەسمێکی سووکایەتیئامێزی وەکوو عومەرکوژی "عمرکشان"[6] لە هەندێک لە شارەکاندا ئەنجام دەدەن کە پێش شۆڕش یاساغ بوو. تان نها کەم نەبوون ئەو چالاکڤانە سوونیمەزهەبە کورد و بەلوچییانەی بە تۆمەتی قورسی لەسێدارەدان یان زیندانیی درێژخایەن سزا دراون.

زۆرێک لە ئێرانییە سوونییەکان هەست دەکەن حکومەتی ناوەندیی لەگەڵیاندا وەکوو کۆچبەران و کەسانی نائێرانی دەجووڵێتەوە. زۆرینەی پارێزگا سنوورییەکان کە تێیاندا موسوڵمانانی سوونی دەژین، بەشێکن لە مەحروومترینی پارێزگاکانی وڵات. کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر کۆبوونەوەی سوونەکان تەنانەت بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینییەکانیشیان، جامی ئارامگرتنی زوو لێوڕێژ دەبێت. بۆ نموونە، موسوڵمانانی سوونی، نوێژی بەکۆمەڵی جەژنی قوربان لەژێر چاودێری پۆلیس و کارمەندانی حکومیدا ئەنجام دەدەن.

جووە ئێرانییەکانیش لە دەستپێکی شۆرشەوە تاکوو هەنووکە، هەردەم لەژێر تیغی کۆماری ئیسلامیدا بوون. پاش شۆڕشی ئیسلامی، ژمارەیەکی مەزنیان لە ترسی گیانی خۆیان، ئێرانیان بەجێ هێشت. جووە ئێرانییەکان وەکوو بەهاییەکان، بەشێک بوون لە هەوەڵینی ئەو کەمینە ئایینییانەی کە ئیسلامخوازە تازە بە دەسەڵات گەیشتووەکان، بە چاوی دوژمنایەتی و تێکەدەر لێیان نۆڕین. ئابووری ئێران بە چوونەدەرەوەی زۆرێک لە جووەکان، کە زۆرینەیان خودانی سەرمایە بوون، میلیۆنان دۆلار زیانی بەرکەوت.

کۆماری ئیسلامی بەپێچەوانی بانگەشەی وتەبێژانی دەوڵەتەوە، تا نها، هاوتای جووەکان و بەهاییەکان، ڕەحمی بە مەسیحییە ئێرانییەکانیش نەکردووە. بەتایبەت لەو سۆنگەوە زۆرێک لەو مەسیحییانەی وا ئەمڕۆکە لە ئێراندا دەژین، کەسانێکن

---

[6] سرووتێکی ئایینیی پڕسووکایەتیی شیعەی دوانزە ئیمامییە، بە (عیدالزهرا) و (غیدر دوم)یش ناسراوەل، لەم بۆنەیەدا پەیکەری گاڵتەئامیز بۆ خەلیفەی دووەمی موسوڵمانان دەسازێنرێت و دواتر بەشداربووانی بۆنەکە گڕی تێبەردەدەن. دەگترێت گوایە لە پاش هاتنی سەفەوییەکانەوە لە ساڵی ١٥٠١دا، ئەم ڕێوڕەسمە برەوی سەندووە.

پاش شۆڕش لە ئایینی خۆیان هەڵگەڕانەوە و بوون بە مەسیحیی. لە ئێراندا، مەسیحییەکان مافی ئەوەیان نییە بانگەشە بۆ ئایین و شەریعەتی خۆیان بکەن لەنێوان موسوڵماناندا. تا هەنووکە کەم نەبوون ئەو مەسیحییانەی تەنیا بەهۆی بانگەشە بۆ ئایینی خۆیان، زیندانی کراون یان ئەشکەنجە دراون. ئێستاکانێ زۆرێک لە ئێرانییە مەسیحییەکان کە ژمارەیان بە دەیان هەزار کەس دەخەمڵێنن، لە تورکیادا دەژین. لە ئیستەنبوولدا کڵێسایەکی چالاکی ئێرانی بوونی هەیە کە زۆرینەی مەسیحییە ئێرانییەکان بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینییەکانیان، ڕووی تێ دەکەن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەکوو لە ناوەکەیدا دیارە، سیستمێکە، ڕاهێڵ و ڕیشاڵی بە پرەنسیپ و بنەماکانی مەزهەبی شیعەی دوانزەئیمامیی پێکەوە دووراوە، بە چەشنێک لە پێشەکیی دەستوورەکەیدا هاتووە کە، ڕژێمێکە لەسەر بنکی قوتابخانەی ئیسلامی شیعی و ویلایەتی فەقییە ڕۆنراوە. وەها ڕژێمێک هیچ ڕێگەیەک بۆ مانەوەی خۆی شک نابات بێ لەوەی ئایینەکانی تر کەنار بخات یان سەرکوتیان بکات. ئەوەندە بەسە دەستووری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دەستووری کۆماری فەڕەنسادا بەراورد بکەین، تاکوو ببینین چۆنچۆنی لەوەی یەکەمدا جیاکاری و نایەکسانی لە هەمبەر مافی ئایینەکاندا یاساییە و، لەوەی دووەمدا گشت ئایینەکان و پەیڕەوانیان لەبەرانبەر یاسادا یەکسانن. ئایینەکان لەناو سیستەمێکی لائیکی ڕاستەقینەدا دەتوانن پێکەوە هەڵبکەن.

## سووپای پاسداران، هێزێکی قەیرانساز لە ناوچەکەدا

سووپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧٩دا بە فەرمانی خومەینی پێک هێنرا. لە فەرمانەکەی خومەینیدا هاتبوو، سووپا لەژێر چاودێریی "دەوڵەتی کاتی"دا چالاکی دەکات، بەڵام نەختێک دواتر لەسەر داوای چەند کەسێک لە فەرماندەکانی سووپا، خومەینی ئەرکی چاودێریکردنی چالاکییەکانی سووپای بە ئەستۆی "ئەنجوومەنی شۆڕش" سپارد. یەکەمین ئەرکێک کە خومەینی بەم هێزەی سپارد، پاسەوانیکردن لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەبەرانبەر دوژمنانی ناوخۆیی و دەرەکیی ڕژێم بوو. بەمجۆرە، سووپا هەر لە دەستپێکەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت پاوەجێ بوو و کەوتە ژێر فەرمانی ڕێبەری شۆڕشەوە.

ڕاستییەکەی، بە پێکهێنانی سووپا و بەجێهێشتنی دەسەڵاتی سەرووباسایی سووپا بۆ ڕێبەری شۆڕش، دەوڵەتێک لەسەرووی دەوڵەتی بەڕووکەش یاساییەوە، پێک هات، کە تا نها باڵاترین بڕیارەکانی لەمەڕ چارەنووسی وڵات دەرکردووە و وەڵامگۆی هیچ مەرجەع و دامەزراوەیەک نەبووە. سووپای پاسداران بۆ پاراستنی سەربەخۆیی خۆی، وردەوردە ڕووی بۆ چالاکیی ئابووری هێنا و هەنووکە پتر لە ٦٠%ی ئابووری وڵاتی قۆرخ کردووە.

بەڵام ئەوەی دەوڵەتی ئەمریکای بە دانانی سووپای پاسداران لە لیستی تیرۆر ناچار کرد، چالاکیی سەربازیی دەرەوەی سنووری ئەم دامەزراوەیە، کە چەند نموونەیەکی ئاماژە پێ دەکەین. یەکێک لە ئامانجە ڕاگەیەنراوەکانی سووپا، "هەناردەکردنی شۆڕشـ"ـە. بۆ ئەم مەبەستە هێزێک بەناوی "سووپای قودس"ەوە دامەزراوە کە ئەرکی سەرەکیی بریتییە لە ڕێکخستنی جووڵانەوە و بزاڤە شۆڕشگێڕییە ئیسلامییەکان لە جیهاندا و سازوئامادەکردنیانە. سووپای قودس، باڵی سەربازیی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامییە کە هێڵە گشتییەکانی، ڕێبەر دەیکێشێت. ئامادەیی چالاکانەی ئەم هێزە لە عێراق، لوبنان و سووریا لە کەس شاراوە نییە. سووپای قودس لە زۆرێک لە وڵاتاندا، بەهۆی دەسەڵاتە داراییەکەیەوە دەڵاڵانی لۆکاڵی  بە خزمەت دەگرێت و هەموو ئەمانە بە ئاڕاستەی پێشخستنی سیاستەکانی ئەم هێزە کار دەکەن. حیزبوڵای لوبنانی یەکێکە لەوانە کە بە کۆمەکی سووپای قودس لە ساڵی ١٩٨٢دا پێک هێنرا.

سووپای قودس لە ئەڤغانستانیشدا هەر جارەو کۆمەکی بە حیزبێک یان هێزيك کردووە. دەگوترێت تاڵیبان لە جەنگدا لەگەڵ حکومەتی "حامد کارزای"، کۆمەکی سەخاوەتمەندانە و بێدرێغی ئەم هێزەی لە پشتەوە بووە.

تەقینەوەی بارەگای هێزە چەکدارە ئەمریکایی و فەڕەنساییەکان لە بەیرووت لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٣دا، بە کاری سووپای قودسی دەزانن. لەو تەقینەوەیەدا نزیکەی ٢٩٠ کەس لە هێزە ئەمریکایی و فەڕەنساییەکان کوژران. لە تەقینەوەی بارەگای هێزە ئەمریکاییەکان لە شاری زەهرانی عەرەبستانی سعوودی لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٦دا، دیسان هێزی قودس دەستی هەبوو. لەو تەقینەوەیەدا ١٩ سەربازی ئەمریکایی کوژران و نزیکەی ٤٠٠ کەس بریندار بوون.

بە قسەی ڕۆژنامەی "شەرقولئەوسەت"، سووپای قودس لە گشت گۆڕەپانەکانی سیاسی، تەناهی و ئابووریی ناوچەی سەوزی بەغدادا، هەژموونی سەپاندووە. ئەو عێراقییانەی خزمەت بەم سووپایە دەکەن، شیعەن و بەبێ ئەوەی وابەستەییی خۆیان بەم هێزەوە ئاشکرا بکەن، لە گشت شوێنێک و تەنانەت لە دەوروبەری بەرپرسان و سیاسەتمەدارانی عێراقیدا ئامادەییان هەیە. ئەم هێزە لە هەرێمی کوردستان(ناوچە کوردنشینەکانی عێراق)یشدا، بە دامەزراندنی کۆمپانیای بازرگانی، هەژموونی خۆیان پاوەجێ کردووە.

دەگوترێت لە خۆپیشاندانە سەرانسەرییەکانی سووریا لە ساڵی ٢٠١١دا، بەشار ئەسەد بە خاترجەمیی و دڵنیایی لە هەمبەر کۆمەکی دارایی، مرۆیی، لۆجستی و سەربازیی سووپای قودس بوو، بڕیاری سەرکوتکردنی خوێناویی ئەو سەرهەڵدانەی دا. خامەنەیی، قاسمی سولەیمانیی فەرماندەی سووپای قودسی، ناردە سووریا تاکوو دڵنیایی بە بەشار ئەسەد بدات.

ئەمریکاییەکان، پاڵپشتی دارایی و لۆجیستیی سووپای قودس بۆ حوسییەکانی یەمەن، بە گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەم ئاشتی لەو وڵاتەدا دەزانن. شارەزایان دیاردەی "گرووپە پرۆکسییەکان"، بەو چەشنەی وا ئەمڕۆکە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەبینرێن، بە بەرهەمی سووپای قودس دەزانن. مۆدێلی هێزەیلی تەناهییش لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەتدا، مۆدێلێکە، سووپای قودس بۆ وڵاتانی ناوچەکەی گواستووەتەوە. شارەزایانێکی وەکوو "تۆم واریک" لەو باوەڕەدان، بە جێگیربوونی وەها مۆدێلێک لە وڵاتانی ناوچەکەدا، ئاستەمە ئەو وڵاتانە ئارامی بە خۆیانەوە ببینن.

## دیپلۆماسییەتی بارمتەگرتن

کۆماری ئیسلامی لە چل و سێ ساڵی رابردوودا، "دیپلۆماسییەتی بارمتەگرتن"ـی لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوا بەکار هێناوە و، بەزۆری بە ئەنجامگەلی دڵخوازی خۆی گەیشتووە. لەم کورتەیەدا تەنیا چەند نموونەیەک لەم دیپلۆماسییەتە لە هەمبەر مافی هەڵگرانی دوو ڕەگەزنامەدا بەسەر دەکەینەوە.

دیپلۆماسییەتی بارمتەگرن بە داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران لە ٤ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩دا دەستی پێ کرد. لەو ڕۆژەدا فێرخوازانی زانکۆی سەر بە هێڵی

ئیمام هەڵیانکوتایە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا و ٦٦ دیپلۆماتکاری ئەمەریکاییان بە بارمتە گرت. ئەم بارمتەگرتنە، پاش ٤٤٤ ڕۆژ و لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٠دا و لە میانی ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی ڕۆناڵد ڕێگان، سەرۆککۆماری هەڵبژێردراوی ئەمریکا، کۆتاییی پێ هات و بوو بە دەستپێکی گۆڕانکارییەکی سەرەکیی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا.

لە ٢٢ی تەمموزی ٢٠١٤دا، "جەیسۆن ڕەزاییان"، پەیامنێری خودان دووڕەگەزنامەی ئێرانی و ئەمریکایی و بەڕێوبەری نوسینگەی ڕۆژنامەی "واشنتۆنپۆست" لە تاران لەگەڵ هاوژینەکەیدا، یەگانە ساڵحی، بە تۆمەتی سیخوڕی دەستگیر کران. یەگانە ساڵی لە ٦ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا ئازاد کرا، بەڵام جەیسۆن ڕەزاییان لە ٢٦ی ئایاری ٢٠١٥دا بە تاوانی سیخوڕیکردن و چالاکیی بانگەشکردن لە دژی ڕژێم، حکوم درا. جەیسۆن لەگەڵ سێ کەسی تری ئێرانی-ئەمریکاییی بەندکراو لە ئێراندا، لە ١٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٦دا لەگەڵ حەوت زیندانیی ئێرانیی وابەستەی کۆماری ئسیلامی لە ئەمریکادا ئاڵوگۆڕیان پێ کرا. لە هەمان ڕۆژدا دەوڵەتی ئەمریکا ٧.١ملیارد دۆلاری لە هەژماری بلۆککراوی ئێران، ئازاد کرد.

لە ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥دا، سیامەکی نەمازی، هاووڵاتیی ئێرانی-ئەمریکایی و بەڕێوبەری نوسینگەی پلاندانانی ستراتیژیی کۆمپانیای نەوتیی "کریسنێت" لە ئیمارات، کە بۆ دیدەنی خانەوادەکەی چووبووە ئێران، دەستگیر کرا. لە ٢٢ی شووباتی ٢٠١٦دا، باقری نەمازی، باوکە هەشتا و سێ ساڵانەکەی سیامەکیش کە بۆ ئاگاداربوون لە ڕەوشی کوڕەکەی چووبووە ئێران، دەستگیر کرا. ئەم باوک و کوڕە بە تۆمەتی "هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا"دا بە دە ساڵ زیندانی سزا دران.

لە ٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٦دا، کامەرانی قادری، هاووڵاتیی ئێرانی-نەمسایی، لە میانی گەشتێکدا بۆ ئێران دەستگیر کرا. وی بەڕێوبەری کۆمپانیایەکی بازرگانی بوو لە ڤییەنا و بەر لە دەستگیرکردن، چەندانجار بۆ سەروسەوای بازرگانی و بەشداریکردن لە سیمینارە زانستی و توێژینەوەکارییەکاندا، سەردانی تارانی کردبوو. قادری لە دادگای شۆڕشدا بە تۆمەتی "هاوکاریی لەگەڵ دەوڵەتانی نەیار"دا، بە دە ساڵ زیندانی سزا درا.

لە ١٤ی مارسی ٢٠١٨دا، وەزارەتی ئیتڵاعات، خاتوو "ئاراس ئەمیری"، خوێندکاری ماجستێری زانکۆی "کینگستۆن"ی بە تۆمەتی "پیلانگێڕی و گردبوونەوە لە دژی

ئاسایشی نەتەوەیی"، دەستگیر و دواتر بە کەفالەت ئازاد کرد، کە ناوبراو بۆ دیدەنی داپیرە نەخۆشەکەی چووبووە ئێران. خاتوو ئەمیری لەگەڵ "ئەنجوومەنی کولتووری بەریتانیا"دا هاریکاریی دەکرد. وی لە سێپتامبەری ساڵی ٢٠١٨دا بە تۆمەتی "بەڕێوبردنی تۆڕی تێکدان لە دژی ئاسایشی ناوخۆیی وڵات" دیسان دەستگیر کرایەوە و بە دە ساڵ زیندانی سزا درا.

لە ئابی ٢٠٢٠دا کامیلی ئەحمەدی، هاووڵاتیی خودان دووڕەگەزنامەی ئێرانی-بەریتانی، توێژەری کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆژیست، دەستگیر کرا. لە دادگای شۆڕشی ئیسلامیدا بە سەرۆکایەتیی ئەبوولقاسمی سەڵاواتی بە نۆ ساڵ و سێ مانگ بەندکردن و سزای ماددیی شەشسەت هەزار یۆرۆ سزا درا. تاوانی ئەویان وەها ڕاگەیاند کە بریتی بووە لە کۆشش بۆ "کاریگەرییدانان لەسەر پلانی زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیری، برەودان بە هاوڕەگەزخوازی، ناردنی ڕاپۆرتی ناڕاست بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەستی پەرتکردن و دابەشکردنی ئێران".

لە سی نیسانی ٢٠١٦دا کارمەندانی "پاراستنی ئیتڵاعاتی سووپای پاسداران"، نازەنینی زاغەری، هاووڵاتیی خودان دووڕەگەزنامەی ئێرانی_بەریتانیاییان لەگەڵ کچە ساواکەیدا لە فڕۆکەخانەی "ئیمان خومەینی" لە کاتی چوونەدەرەوەدا لە ئێران، دەستگیر کرد. دادگای شۆڕش بە تۆمەتی "سیخوڕی" بە پێنج ساڵ بەندکردن سزای دا. لە کۆتاییی سزاکەیدا دیسان لەسەر "دۆسێیەکی نوێ" دادگایی کرایەوە.

سەرئەنجام نازەنینی زاغەری لە ١٥ی مارسی ٢٠٢٢دا لەگەڵ ئەنووشەی ئاشووریدا، ئەندازیاری ٦٥ ساڵان و بەندکراوی بە ڕەگەز ئێرانی_بەریتانی، ئازاد کران. هەردووک لە فڕۆکەخانەی خومەینی ڕادەستی تیمی بەریتانی کران. بەریتانییایەکان پێنجسەد و سی میلیۆن دۆلاریان، کە لە سەردەمی "شا"ەوە قەرزدار بوون، بۆ کۆماری ئیسلامی گەڕاندەوە. ئەنووشە ئاشووری لە ئابی ٢٠١٩ەوە بە تۆمەتی "سیخوڕیکردن بۆ مووساد" دەستگیر کرابوو و بە دە ساڵ بەندکردن سزا درابوو.

ناهیدی تەقەوی، ٦٦ساڵان، بەندکراوی خودان دووڕەگەزنامەی ئێرانی_ئەڵمانی لە ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠دا دەستگیر کراوە. ناهید تەلاسازی خانەنشینە و ساڵانێکە بە هەرتک ڕەگەزنامەکەی بەبێ هێچ ئارێشەیەک هاموشۆی ئێرانی دەکرد. بە گوتەی کچەکەی، لە سەرەتادا ئەو تۆمەتانەی درابوونە پاڵ ناهید تەقەوی، وەها ڕاگەیەندارا کە تۆمەتەیلی "ئەمنییەتی"ین.

له ١٦ی تەممووزی ٢٠١٩دا، ڕاگەیاندنە ئێرانییەکانی دەرەوە ڕایانگەیاند، پاراستنی ئیتڵاعاتی سووپای پاسداران، "فەریبا عادلخواهـ"، توێژەری خودان دووڕەگەزنامەی ئێرانی-فەڕەنساییان بە تۆمەتی سخوڕیکردن دەستگیر کردووە. بە پێنج ساڵ بەندکردن سزا درا. ڕۆلان گابرێل مارشالی هاوژینیشی کە بۆ دیدەنی سەردانی ئێرانی کرد، دەستگیر کرا. مارشال لە مارسی ٢٠٢٠دا لەگەڵ جەلالی ڕوحوڵانەژاددا ئاڵوگۆڕی پێ کرا و ئازاد بوو.

لە شووباتی ٢٠١٩دا، مەسعوودی موساحب، ٧٣ساڵان، بازرگان و سکرتێری گشتیی ئەنجوومەنی دۆستایەتیی نەمسا و ئێران، دەستگیر کرا. موساحب لە ساڵی ١٩٦٥ەوە دانیشتووی نەمسایە. بە تۆمەتی گواستنەوەی هەواڵ و زانیاریی پەیوەست بە "تەکنەلۆژیای فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، تەکنەلۆژیای مووشەکی و ئەتۆمیی ئێران" بۆ دامەزراوەی زانیاریی ئەڵمانیا، بە دە ساڵ زیندانی سزا درا.

کۆماری ئیسلامی تا ئەوی دەم کە دیپلۆماسییەتی بارمتەگرتن ئەنجامی هەبێت، دەست لەم دیپلۆماسییەتە بەر نادات.

## حیزبوڵای لوبنان، گۆچانە شکاوەکەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە و زامێکی ناسۆر لە جەستەی سیاسیی لوبناندا

یارمەتیی بێ درێغی ئێران بۆ حیزبوڵا یەکێکە لەو مژارانەی تاڕادەیەک هەموو ڕێبەران و هەڵسووڕێنەرانی کۆماری ئیسلامی لەبارەیەوە کۆکن. حیزبوڵا لقێکی سووپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامییە. دەگوترێت ئەم ڕێکخراوە سیاسی-سەربازییە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ڕایەڵێکی تۆکمە و نەبڕاوەی هەیە.

حیزبوڵای لوبنان لە ١٩٨٢دا، واتا نزیکەی چل ساڵ بەر لە ئێستا بە پەیڕەوی لە هزرە سیاسییەکانی خومەینی پێک هێنرا و سێ ساڵ دواتر و لە ١٦ شووباتی ١٩٨٥دا بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک لە ڕۆژنامەی "ئەلسەفیر"دا، بوونی خۆی ڕاگەیاند. لەو بەیاننامەیەدا هاتووە، گرووپە پێکهێنەرەکانی حیزبوڵا گشتیان لە ئایەتوڵا خومەینی پەیڕەوی دەکەن.

لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٨٢دا، سەروەختێک سووپای ئیسرائیل بۆ بنبڕکردنی هێرش و پەلامارەکانی ڕێکخراوی ئازادکردنی فەلەستین لە خاکی لوبنانەوە، باشووری ئەو وڵاتەی داگیر کرد، سووپای پاسداران خۆی تێ هەڵقورتاند و مەشقی سەربازیی گرووپ و رێکخراوە شیعەکانی لوبنانی گرتە ئەستۆ کە هەموویان هەڵوەدا و تامەزرۆی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بوون. لە هەمان ساڵدا ناوکی بەراییی حیزبوڵا لە یەکگرتنی هێز و ڕێکخراوەکانی وەکوو ڕێکخراوی جیهادی ئیسلامی، لقی ئەبو جیهادی جووڵانەوەی فەتح، ئەندامەکانی حیزبی دەعوە، بەشێک لە ڕێکخراوی "ئەمەل" بەناوی "ئەمەلی ئیسلامی"ییەوە بە ڕێبەرییەتیی سەید عەبباسی موسەوی و دەستە و گرووپەیلی تری شیعەی دەرگیر لەگەڵ سوپای ئیسرائیلدا، پێک هات.

لە بەیاننامەکەی ساڵی ١٩٨٥دا ئامانجە سەرەکییەکانی ڕێکخراوەکە ئاوەها ڕاگەینراوە کە بریتییە لە پاوەجێکردنی ڕژێمی ئیسلامی لە لوبناندا، لەناوبردنی ئیسرائیل و دەرپەڕاندنی ئەمریکاییەکان، فەڕەنساییەکان و ئیسرائیلییەکان لە خاکی لوبناندا. لیستی چالاکی و کارە تیرۆریستییەکانی حیزبوڵا چ لە لوبنان و چ لە دەرەوەی لوبناندا، لیستێکی دوورودرێژە.

وڵاتانی کەنەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، هۆڵەندا، ئوسترلیا و بەحرەین، بە ڕەسمی وەکوو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەیناسن. لە مارسی ٢٠١٦یشەوە وڵاتانی عەرەبستانی سعوودی، قەتەر، شانشینی یەکگرتووی عەرەبی، عومان و کوێت وەکوو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناسیویانە. لە ١ی مارسی ٢٠٠٥دا پەڕلەمانی ئەورووپا بڕیارنامەیەکی پەسەند کرد، تێیدا هاتووە: بەڵگەی قسەبڕ بۆ چالاکیی تیرۆریستیی حیزبوڵا لە ئارادایە و یەکێتیی ئەورووپا دەبێت بۆ بنبڕکردنی ئەمە، هەنگاوی کردەیی بنێت. لە تەمووزی ٢٠١٣دا، وەزیرانی دەرەوەی ئەورووپا، باڵی سەربازیی حیزبوڵایان خستە لیستی تیرۆرەوە.

کۆماری ئیسلامی هەرگیز نکۆڵی لە کۆمەکە لۆجستییەکانی بۆ حیزبوڵا نەکردووە. بەڵام لەمەڕ بڕی یارمەتییە داراییەکانی، هەمیشە بێدەنگیی هەڵبژاردووە. هەڵبەت ڕاستیی ئەم بابەتە لە کەس شاراوە نییە. سەید حەسەن نەسروڵا، ڕێبەری ئەو ڕێکخراوە، هەمیشە گوتوویەتی حیزبوڵا یارمەتی لە ئێران وەردەگرێت و شانازیی پێوە دەکات.

لە شووباتی ٢٠٢٠دا شێخ نەعیم قاسم، یاریدەدەری سکرتێری گشتی حیزبوڵا، لە ڕێوڕەسمی چل و یەکەمین ساڵڕۆژی شۆڕشدا گوتی: گشت گەلان، حیزبەکان و ڕێبەران دەبێت لەژێر بەیداخ و ڕێبەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئیمام خامەنەییدا بن و لەوەی ئێمە بە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا تۆمەتبار دەکەن، نابێت بترسین. ئاخر پەیوەندیی لەگەڵ ئێراندا هۆی شانازی، شکۆ و ئازادی و سەربڵندییە و ئەزموون سەلماندوویەتی کە هەرکەس لە تەک ئێران و بەرەی بەرهەڵستیدا بێت، بە ئاکام گەیشتووە.

لەسەر بنەمای ڕاپۆرتێک کە "دامەزراوەی داکۆکی لە دیمۆکراسی" لە ١١ی مارسی ٢٠٢١ (٢١ی ئۆردیبەهشتی ساڵی ١٤٠٠) بڵاوی کردووەتەوە، گرووپێکی هاککەری نەناسراو لە دیسامبەری ٢٠٢٠دا کۆمەڵێک بەڵگەی لە "دامەزراوەی (قرض الحسنه)ی حیزبوڵا" بە دەست خستووە کە دەرخەری بڕ و ئەندازەی کۆمەکە داراییەکانی کۆماری ئیسلامییە بە حیزبوڵا.

زانیارییە دزەپێکراو و بڵاوکراوەکان پەیوەندییان بە پتر لە چوارسەد کەسایەتیی ڕاستەقینە و یاساییەوە هەیە. وێڕای هاووڵاتیانی لوبنانی، بەشێک لە دەزگە ئێرانییەکان و ژمارەیەک لە کادیر و دامەزراوەکانی وابەستە بە حیزبوڵا و بڕێک لە بانکە گرنگەکانی لوبنان، بەشێکن لە تۆڕ و ڕایەڵی ئاڵۆزی گواستنەوەی پارە بۆ دامەزراوەی (قرض الحسنه)ی حیزبوڵای لوبنان.

لە بەڵگە بڵاوکراوەکاندا، ناوی چەندان دەزگەی ئێرانی هاتووە، لەوانە لقی "دامەزراوەی شەهید"ـی کۆماری ئیسلامی لە لوبنان، کۆمیتەی هاریکاریی ئیمام خومەینی، کۆمپانیای فڕۆکەوانیی ماهان ئێیر و سکای گیفت، هیلالی سووری ئێران، ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامی و لقی بانکی (صادرات)ـی ئێران لە لوبنان.

سێ ساڵ پێش، تایلۆر ستابیڵتۆنی شارەزای پەیوەندییە دەرەکییەکان و پسپۆڕی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوین لە دامەزراوەی "داکۆکی لە دیمۆکراسی"، لە هەژماری تویتەری خۆیدا نووسی: ''لە ساڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٧دا ئێران ساڵانە ٧٠٠ تا ٨٠٠ میلیۆن دۆلار هاوکاریی داراییی حیزبوڵای لوبنانی کردووە''. ئەم ژمارەیە لەو ساڵەدا لە لایەن ڕاگەیاندنە جۆراوجۆرەکانەوە پەخش کرا، بێ ئەوەی ڕاستی و دروستیی بسەلمێنرێت.

هەڵبەت لەو ساڵانەی ئێران دەرگیری هەڵکشان و پتربوونی گەمارۆ و ئابڵووقەکان بوو، هاوکارییە داراییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ حیزبوڵا کەمی کرد. بە گوێرەی ڕاپۆرتی کەناڵی "ئەلعەرەبییە"، سەرەتا هاوکارییە داراییەکانی ئێران بۆ حیزبوڵا، سەد میلیۆن دۆلار بوو لە ساڵێکدا و دواتر بۆ دووسەد میلیۆن دۆلار هەڵکشا. لە ساڵانی ٢٠٠٦ تا ٢٠٠٩ لەگەڵ هەڵکشانی نرخی نەوتدا، ئاستی هاوکاریی داراییی ئێران بۆ حیزبوڵا گەیشتە ٣٥٠ میلیۆن دۆلار لە ساڵێکدا.

ڕاستییەکەی دۆخی داراییی حیزبوڵا بەندە بە دۆخی ئابووریی ئێرانەوە. گومانی تێدا نییە ئەم ڕێکخراوە بەبێ هاوکارییە داراییەکانی ئێران، ناتوانێت بە وەها گوڕوتین و هێزێکەوە درێژە بە هەبوونی خۆی بدات. بە گوتەی ڕەفیق خوری، نووسەر و ڕۆژنامەڤانی لوبنانی، حیزبوڵا بە دوای سەپاندنی هەژموون و باڵادەستیی ئایینی و ئایدۆلۆژییە بەسەر لوبناندا و دەخوازێت ئەم وڵاتە لە چێوەی وابەستەیی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران و وەکوو بەشێک لە پرۆژەی ویلایەتی فەقییەی ئەو وڵاتە، ڕێکبخات و بەڕێوەی ببات.

## بەدواداچوون و لێپێچینەوەی یاسایی بۆ هەندێک لە بەرپرسە باڵاکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی ئێراندا

تاکوو هەنووکە بەرپرسانی هیچ وڵاتێک بە ئەندازەی کاربەدەستانی ئێران لەگەڵ مەترسیی دەستگیرکردن و دادگاییکردن لە دەرەوەی وڵاتەکەیان، ڕووبەڕوو نەبوونەتەوە. لیستی کارمەند و بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیی تۆمەتبار بە کردەوەی تیرۆریستی، وێرانکاری و بۆمبچاندن لە وڵاتانی دەرەوە، لیستێکی دوورودرێژە. بەڵام ئەوی لە هەموو شت پتر مایەی واقوڕمانی جیهانە، ئەو حوکمانەیە کە سەرچاوە دادوەرییەکانی بڕێک لە وڵاتانی مەزنی جیهان لەمەڕ ژمارەیەک لە کاربەدەستانی پلەیەکی کۆماری ئیسلامی دەریانچواندووە.

لە ساڵی ١٩٨٩(١٣٦٨)دا، دەوڵەتی تورکیا، مەنووچەهری موتەکی، باڵیۆزی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە ڕێکخستنی کردەوەی تیرۆریستی و پلاندانان بۆ کوشتنی نەیارانی ئێران لەو وڵاتەدا تۆمەتبار کرد و داوای لێ کرد لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا خاکی تورکیا بەجێ بهێڵێت.

له تەمموزی ١٩٩٤(تیرماهی ١٣٧٣)دا له تەقینەوەی ئاپارتمانی حەوت نهومیی ئەنجوومەنی هاریکاریی ئەرژەنتین و ئیسرائیل بەناوی (ئامیا)دا، هەشتا و پێنج هاووڵاتیی بە ڕەگەز جووی ئەڕژەنتینیی گیانیان لەدەست دا. لەو سەروەختەدا هادیی سلێمانپوور، باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی بوو له ئەرژەنتین. نۆ ساڵ دواتر لەسەر داوای دادوەرێکی ئەرژەنتینی کە ئەرکی بەدواداچوونی دۆسێی تەقیەنەوەکەی له ئەستۆدا بوو، سلێمانپوور له بەریتانیدا دەستگیر کرا. بەڵام چونکه هێشتان ناوی وی له لیستی پۆلیسی نیودەوڵەتی (ئینتەرپول)دا نەبوو، دەوڵەتی بەریتانی نەیتوانی بۆ ئەڕژەنتینی بگەڕێنێتەوە.

سیانزە ساڵ پاش تەقینەوەی ئامیا، سەرئەنجام له نیسانی ٢٠٠٧ (فەروەردینماهی ١٣٨٦)دا، داواکاری گشتیی ئەرژەنتین فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ نۆ کەس دەرکرد، کە هاشمیی ڕەفسەنجانی و عەلی ئەکبەری ویلایەتییان تێدا بوو. دەوڵەتی ئەرژەنتین بە ڕەسمی ڕایگەیاند کە پلانی تەقینەوەکە له ئێراندا داڕێژراوە و حیزبوڵای لوبنان جێبەجێی کردووە.

دواتر پۆلیسی نێودەوڵەتی فەرمانی دەستگریکردنی نێودەوڵەتیی بۆ شەش کەس لە کۆی ئەو نۆ تۆمەتبارە دەرکرد. لە ساڵی ١٩٩٦(١٣٧٥)دا، ئەوی دەم خەریک بوو بەرپرسیارییەتیی ئێران لە تەقینەوەکەدا دەخرایەڕوو، هاشمیی ڕەفسەنجانی و عەلی ئەکبەری ویلایەتی پارێزبەندیی سیاسییان هەبوو. بەڵام ساڵێک دواتر لەگەڵ کۆتاییپێهاتنی دووەمین قۆناغی سەرۆکایەتیی ڕەفسەنجانیدا، پارێزبەندییەکانیشیان دواییی پێ هات. ئەو شەش کەسە ئەمانە بوون: عەلیی فەلاحییان (وەزیری ئیتڵاعات)، موحسینی ڕەزایی (فەرماندەی گشتیی سووپا)، ئەحمەدڕەزا ئەسغەری (سکرتێری سێیەمی باڵیۆزخانەی ئێران له ئەڕژەنتین)، ئەحمەدی وەحیدی (فەرماندەی هێزی تایبەتیی قودس)، موحسینی ڕەببانی (راوێژکاری کولتووریی باڵیۆزخانەی ئێران له ئەڕژەنتین) و عیماد موغنییە (فەرماندەی چالاکییە تایبەتییەکانی حیزبوڵا).

پاش قەدەرێک موغنییە لە میانی چالاکییەکدا بە دەستی ئیسرائیل کوژرا. بەڵام پێنج کەسە ئێرانییەکە تاکوو نها له ترسی پۆلیسی ئینتەرپول، نەیانتوانیوە له وڵات بچنە دەرەوە. هەڵبەت پێویستە بە بیری بهێنینەوە، لەسەر بنەمای ئەو لێکۆڵینەوانەی دواتر ئەنجام دران، ڕاگەیەندرا کە ڕێبەرانی ئێران لەو تەقینەوەیدا دەستیان نەبووە. هەرچۆنێک بێت، تەنانەت ئەگەر دەستیشیان لەو تەقینەوەیەدا نەبووبێت، هەر

ئەوەی پەنجەنومای تۆمەت بەرەو ئەوان ڕاکێشرا، کوشتاری ئامیا بوو بە مایەی نەنگ بۆ کۆماری ئیسلامی.

لە پێشهاتی کردەوە تیرۆریستییەکانی میکۆنووس لە ئەیلوولی ساڵی ۱۹۹۲ (شەهریوەرماهی ۱۳۷۱)دا، کە تێیدا چەند کەسێک لە ڕێبەرانی کوردی ئێران لە ڕیستۆرانتێک (ڕیستۆرانتی میکۆنووس) لە بەرلین کوژران، ڕێبەرانی پلەباڵای ئێران دەستیان هەبوو. ئەو دادگایەی بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ ئەم تیرۆرانە پێکهێنرابوو، لە نیسانی ساڵی ۱۹۹۷(فەروەردینماهی ۱۳۷٦)دا حوکمی خۆی ڕاگەیاند. بەپێی بۆچوونی ئەم دادگایە، کردەوە تیرۆریستییەکانی میکۆنووس بە ئاگەداریی عەلیی خامەنەیی، هاشمیی ڕەفسەنجانی و عەلی ئەکبەری ویلایەتی ئەنجام درابوون.

بە دوای ئەم حوکمەدا، باڵیۆزانی ئەورووپا تارانیان بەجێ هێشت و تاکوو سەرەتاکانی سەرۆکایەتیی موحەممەدی خاتەمی، نەگەڕانەوە. عەلیی خامەنەیی کە تۆمەتی کوشتنی درابووە پاڵ، مۆڵەتی بە گەڕانەوەی باڵیۆزی ئەڵمانیا بۆ تاران نەدا تا ئەوەی گشت باڵیۆزەکانی ئەورووپا گەڕانەوە.

بەو حوکمانەی وا دادگاکانی هەرتک وڵاتی ئەڕژەنتین و ئەڵمانیا دوابەدوای لێکۆڵینەوە لە دۆسییەی تەقینەوەی ئامیا لە پایتەختی ئەڕژەنتین و کردەوە تیرۆریستییەکانی میکۆنووس لە بەرلین، دەریانکرد، ڕێگە بۆ بەدواداچوونی یاسایی و شوێنپێهەڵگرتن و لێپێچینەوە لە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا خۆش بوو.

دادگا نیودەوڵەتییەکان هەر بە تۆمەتی هاریکاریی لەگەڵ بکەرانی کردەوە تیرۆریستییەکان لە دەرەوەی وڵاتدا، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامییان نەخستووەتە ژێر لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی یاساییەوە. هەندێک لە پلەپاڵاترین کاربەدەستانی ئێران، وەکوو ئیبراهیمی ڕەئیسی، بە تۆمەتی کوشتوبڕی هاووڵاتییانی ئێرانی لە ناوەوەی وڵاتدا، لە ژێر بەدواداچوون و چاودێریدان.

# ئەنجامگیری

ئەوەی بەسەرمان کردەوە، بژاردەیەک بوو لەو قەیرانانەی وا کۆماری ئیسلامی لە ٤٣ساڵی ڕابردوودا خۆی و کۆمەڵگەی ئێرانی پێ دەرگیر کردوون. ڕێبەرانی ڕژێم، بەتایبەت عەلیی خامەنەیی، زۆرینەی ئەم قەیرانانە بە ڕاسپاردەی خودایی دەزانن. ئاخر ڕژێمێک کە بەسەر ئێرانەوە کردوویانە بە فەرمانڕەوا، لەناو قەیران و لەگەڵ قەیراندا نەبێت، ناتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات.

داریوشی شایەگان لە پەرتووکی "شۆڕشی ئایینی چییە؟"دا، شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانی لەگەڵ هەردوو بزاڤی فاشیزم و ناسیۆنالسۆشیالیزم لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بەراورد کردووە. بە باوەڕی وی، لەو دوو بزاڤەدا، دونیایەکی لە سۆنگەی ڕۆحییەوە سەرەتایی و بەدەوی، لە قاڵبی کۆمەڵگەیەکدا ڕۆکرا کە لەسەر بنەمای عەقڵانییەتی ناقۆڵا و ناماقووڵی مێریتۆکراسی[7] ڕێکخرابوو. ئەوی وا ئەمانە نەیانبوو یان کورتیان تێدا هێنابوو، ڕەهەندی ئایینی بوو بە مانا نەریتییەکەی. ئەو دوو بزاڤە لێکەوتەی گەندەڵیی سیکۆلاریزەیشن بوون.

بەڵام لە شۆڕشی ئیسلامیدا، چیتر دەستخەڕۆیی و دەستەپاچەییی ڕۆحی چەپێنراوی وردەبۆرژوا لە گۆڕێدا نەبوو، ئەوی وا لە هیکڕا هەڵقوڵاو و هاتە سەرێ و دەستە و کۆمەڵە تەریککەوتوو و بێناسنامەکانی سازوئامادە کرد، بەڵکوو ئەمجارە ئایین، ئەرکی ڕێکخستن و سازوئامادەکردنی جەماوەری وەئەستۆ گرت، کە بە مزگێنیی چارەنووسزانیی[8]، بە پەرتووکێکی ئاسمانیی و بە کولتووری شەهیدبوون، ڕێکخرابوو.

بە گوتەی شایەگان، ئاوها و بەمجۆرە ئایین کەوتە داوی مێژووەوە، بیچم و شێوە باوەکەی دیرۆکی وەخۆ گرت، لە ئاست زەروورەتەکانی مێژوودا چۆکی دادا و بوو بە هاوتا ئایینییەکەی بیچمە تازەکەی فاشیزم. بەڵام بە پێچەوانەی ڕژێمە فاشیستییەکانەوە، ڕژێمی ئایینی لە بەهرەی تەکنیکی و ئابووری داماڵدراوە.

بە ئیلهاموەرگرتن لە شیتەڵکارییەکەی شایەگان، دەتوانرێت لە خۆ بپرسین کە داخۆ ئەوە مزگێنیی چارەنووسزانییە، یان بە دەربڕینێکی تر، ئەوە نۆڕینی ئاپۆکالیپسانەیە[9] دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە پیری قەیرانەگەلی تازەوە بچن؟

---

[7] Meritocracy.
[8] Eschatology.
[9] Apocalypse (پەسڵان)

ئاخر زۆرینەی ئەو خەڵکەی وا لە سەرەتاوە بۆ پاڵشتی لەوان هەستانە سەرپێ، لەمێژە نەک هەر لە خودی وان، بەڵکوو لە ئایینیش ڕوویان وەرچەرخاندووە.

داڕووخانی پایەکانی ئایین لە ئێراندا لە بەرەبەیانی شۆڕشی ئیسلامییەوە دەستی پێ کرد. ئەم ڕژێمە بە دروشمی گەڕانەوە بۆ ئیسلام هاتە سەر کار و هەنووکە پاش ٤٣ ساڵ لە فەرمانڕەوایی بێ چەندوچوون بەسەر وڵاتدا، زۆرینەی خەڵکی لە ئیسلام هەڵگەڕاندووەتەوە و کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ کوشندەترین قەیراندا ڕووبەڕوو کردووەتەوە.

سەرچاوە:

radiozamaneh